ئامادەکردنی : ئەحمەد هاوڕێ

# کۆمۆنەی کرۆنشتاد 1921

مەرجی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەو ڕوداوەی کرۆنشتاد ، وەدەستهێنانی تەواوی کاتی ( کۆمۆنیزمی شەڕە ) ، ئێمەش هەرلەبەر ئەوهۆیە سەرنج لەوسەردەمە دەدەین .

بەدەستبەسەراگرتنی دامودەزگای دەوڵەت لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە بەشێکی " نوێ " لە مێژووی ژیانی کۆمەڵگای ڕوسیا دەستی پێکرد ، بەڵام ( کۆنەپەرستی بریندار ) لەبنکەی جۆربەجۆر هێرشی ڕێکوپێکی " دژی " بەلشەفیکەکان دوست پێکرد بوو . بەم جۆرە شەڕی نێوخۆی بەسەر کۆمەڵدا سەپاند . شەڕ بەبەرفراوانی خۆی و ماڵوێرانی نەهامەتی قات وقڕی و مردن و بڵاوبونەوەی نەخۆشی ، بەکورتی ڕۆژی ڕەشی هێنابوو ، تەنها لەساڵانی 1919-1920 نزیکەی – 9- ملیون کەس بەو هۆیانەی سەرەوە گیانیان لەدەستدا * ، سەرەڕای ئەمەش دەوڵەت -5- ملیون کەسی لەژێر چەتری سوپای سوور بەناچار ڕاپێچکرد بەنیازی سیاسەتێک کەبتوانێ نەک تەنیا وەڵامدەرەوەی ئاواتەکانی جەماوەربێت بەڵکو لەکورتترین ماوەدا هێزە ( سپییەکان ) تێک بشکێنێ .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەم شێوەیە بەلشەفیکەکان ڕێگای دەربازبونیان فۆرمۆلەکردو ناویان نا ( کۆمۆنیزمی شەڕ ) ، لەسێ لایەنی واتا ، جوتیاران ، کرێکاران ، سوپا ، خرایە کار کەلە دوایدا درێژە بە باسی ئەم سیاسەتە دەدەین .

## جوتیاران

ئەڵقەی بنچینەیی سیاسەتی کۆمۆنیزمی شەڕ سەبارەت بە جوتیاران بوو بەهۆی مەسەلەی قاتوقڕو گرانی ئەو سیاسەتەی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئامادە کردنی خواردەمەنی گیرابووە بەر بریتی بوو لەڕێکخستن و دەست بەسەراگرتنی دانەوێڵەو بەرهەمی کشتوکاڵی تر . لەهەندێ ناوچەدا نوێنەرانی دەوڵەت گیانلەبەرو کەرەسەی هونەری و میووە و....هتد یان دەبرد ، لینین سەبارەت بەم سیاسەتە دەڵێت (( ناوەڕۆکی کۆمۆنیزمی شەڕ بەم شێوەیە بوو ، ئێمە بەرهەمی جوتیارانمان زەوت دەکرد ، کەچی لەهەندێ کاتدا بەشی نەدەکردین و تا بەشێک لە دانەوێڵەی جوتیاران بۆ قووتی خۆشیانمان زەوت دەکرد ))*، هەڵبەتە تەواوی زەوتکردنی ئەوبەرهەمانە بەبێ پارەدانێک یان هیچ شتێکی بەرامبەر بوو ، سەرەڕای ترساندنی بەگیانی هاوڕێیەک تەواو کەری زەوتکردنی ئەو بەرهەمانە بوو .

جوتیاران تەنیا لەبەر ترسی گەڕانەوە سەردەسەڵاتی سپیەکان و گەڕانەوەی شەلاقی تزاری ماین بۆ فرمانەکانی دەوڵەوت لەمەڕ زەوتکردنی بەرهەمەکانیان شۆڕکردبوو ، بەڵام کاتێک بۆیان ئاشکرابوو کەدەسەڵاتی سپییەکانی تزاری لەناو چووە و بۆیان ڕون بۆوە کەجارێکیتر تواناى وەرگرتنەوەی دەسەڵاتیانیە ، جوتیارانی چەوساوە بەڕێگای جۆراوجۆر دەستیان بە بەرەنگاربونەوەی سیاسەتی " کۆمۆنیزمی شەڕ " کرد ، شێوەی سەرەکی بەرەنگاربونەوەکەش شاردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیان بوو ، بەجۆرێک کەلە ساڵی 1920 بەپێی مەزەنەی فەرمانبەرێکی پلەبەرزی دەوڵەت ، جوتیاران زیاتر لە سێ یەکی بەرهەمەکانیان لە نوێنەرانی دەوڵەت شاردۆتەوە* . کاتێک جوتیاران سودێکیان لەچاندنی دانەوێلەو بەرهەمەکانی تر نەئەبینی ڕێگاچارەیان تەنیا بە نەچاندنی دادەنا ، بەشێوەیەک کەلە ساڵی 1921 بەڕێژەی لەسەدا تەواوی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ گەیشتە نـــیـــوە و هەروەها زەخیرەی بەرهەم بەڕێژەی دوو لەســێی پێشان کەمی هێنا* ، ئەنجامی ئەو بەرەناگاریە گەیشتە ئەو جێگایەی کە ڕووبەری زەویە چاندراوەکان لەبەشی ئەوروپای ڕوسیادا بەڕێژەی سێ لەسەر پێنج لە ساڵی 1913 کەمی کرد* .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تابەرگری و نارەزای زیاتر دەبوو ، توندوتیژی و سەختگیری نوێنەرانی دەوڵەتیش توندتر دەبوو ، بەجۆرێک کەلەماوەی نۆڤێمبەری 1920- مارسی 1921 لێپرسراوانی مۆسکۆ و لەمەڵبەندە جۆربەجۆرەکانی ترەوە بەتایبەتی بەشە جوتیاریەکان سکاڵای بێ شوماریان بۆکۆتای هێنان بەو سیاسەتە پێشکەشکرد*، هەڵبەتە ئەمە تاکە هەنگاوی جوتیارن نەبوو ، بۆنموونە تەنیا لەمانگی فێبروەری 1921 -118- شەڕو گێچەڵ لەنێوان جوتیاران و نوێنەرانی دەوڵەتدا ڕویدا*، زۆربەی ئەو ڕوداوانەش لەسەر ملنەدانی جوتیارن لەبەخشینی بەرهەمەکانیان و توندوتیژی نوێنەران ڕوی دەدا .

شێوەو قەوارەی بەرەنگار بونەوەکان لەناوچە جۆربەجۆرەکانی جوتیاری جیاوازی هەبوو ، هەندێ ناوچە تەنیا بەناردنی سکاڵانامە نارەزاییان دەردەبڕی ، لەهەندێ ناوچە وەک " تامبوف " ، " سیبریا " ، " ئاورنیبرگ " ، و " ئامسک " جوتیاران دەستیان دایەچەک و چەکدارانە بەرەنگاری دەبونەوە ، گرنگترین بەرەنگار بونەوە چ لەڕوی چۆنیەتی و یا چەندایەتی لەناوچەی " تامبۆف " ڕویدا ، ئەو ڕاپەڕینە دژی زەوتکردنی بەرهەمەکانی کشتەکاڵی و سیاسەتی دەوڵەت کەلەناوچەکەبوو . ئەو ڕاپەڕینە توانی کۆمەڵێکی نزیک -50- هەزارکەسێ کۆبکاتەوە و سەرۆکایەتی ڕاپەڕینەکەش بەدەستی یەکێک بەناوی –ئا.ئیس–ئانتۆف – بوو ، ئەکابرایە سەردەمێک هاوکاری لەگەڵ باڵی ڕاستی " ئێس. ئاڕ " ە کاندا دەکرد* .

تەواوی ڕاپەڕینە جوتیاریەکان باوەڕیان بەوە بوو کە یەکەمین هەنگاو دەبێت دەستبەجێ واز لە زەوتکردن ، یان بەشێوەیەکیتر بڵێین لە دەستبەسەراگرتنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بێنن . سیستەمێکی دارای دیاری بکرێت بۆئەوەی مافی زێدەبایی بەرهەمیان لەکاری خۆیان بێتەدەست ، بازرگانی ئازاد بەپێی یاسا دانی پێدابنرێت ،ئەم سیاسەتەش بەتەواوی لەگەڵ سیاسەتی " کۆمۆنیزمی شەڕ " ناکۆک بوو . لەکاتی شەڕی نێوخۆدا بەبیانوی ئاسای نەک تەنیا ئاوڕیان لەو داخوازیانەی سەرەوە نەدایەوە ، بەڵکو بەتوندترین شێوە بۆچونەکانی خۆیان دەسەپاند ، بەڵام ئەم خاڵە جێگای لێدوانی ئێمەنیە " بەلانی کەمەوە لەم کاتەدا " ..... .

بەردەوام بونی ئەو سیاسەتە لەسەروبەری کۆتای شەڕدابوو ، لەهەر بارێکەوە بەکۆتایی هاتنی شەڕ و توندتربوونی داخوازیەکانی جوتیاران باسێکی توندتر لەنێوان حیزب و ئۆپۆزسیون هاتە پێش . لەکۆنگرەی هەشتەمی شووراکاندا لە دیسمبەری 1920دا ، مەسەلەی جوتیاران بووە کلیلی ڕاوێژی کۆنگرە ، لەنێو کۆنگرەدا دوو بۆچوون " تیوری " هاتەپێش . دوو بۆچوونی تەواو لەگەڵ یەک ناکۆک دروست بو ئەو دوو بۆچونەش بریتی بوون لە بۆچونی جوتاران بەگشتی کەلەسەرەوە باسمان کردو ئەویتریش بۆچونی یەکێک بەناوی ( ئۆسنیسکی ) بو کە یەکێکە لەسەرانی چەپی سیتنرالیستە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دیموکراتیەکان بوو ، داوای دەکرد نەک تەنیا بازاڕی ئازاد نەبێت ، بەپێی یاسا دانی پێدانەنرێ ، بەڵکو دەبێت هەرەوەزی کارکردن بەشێوەی خورتی بەسەر جوتیاراندا بسەپێنرێت ، ئەوکاری هەرەوەزیەش نابێت لەژێر چاودێری جوتیاراندا بێ بەڵکو دەبێت لەژێر چاودێری دەزگاکانی دەوڵەتدابێت . تابگرە پێشنیاری ئەوەی دەکردکە تۆوی ئەو دانەوێڵەیەی نیازی چاندنی لێدەکرێت دەبێ لەبانکی دانەوێڵەدا بپارێزرێت*.لەبەرئەوە لەکۆنگرەدا زۆر بەساردی پێشوازی لە نوێنەری جوتیارانکرا ، لینین مۆری لایەنگری بۆ بۆچونەکانی ( ئوسنیسکی ) لێداو جێ بەجێکردنی ئەم بۆچونەش بۆیەکەمینجار لە بەهاری1921 دا پیادەکرا* .

لەبەر زۆری کۆمەڵگای جوتیاری لەڕوسیا و توندکردنی سیاسەتی " کۆمۆنیزمی شەڕ " لەسەر پێشنیاری(ئوسنیسکی ) کاریگەرییەکی خراپی خستە سەربنکەی جوتیارانی بەلشەفیک ، بە شێوەیەک مۆلەت پێدانی نیوەی سوپای سور یانی نزیکەی 2\500\000 کەس کە هەموویان لە لادێکانەوە بۆ سەربازی ڕاکێش کرابوون گیانی بەرەنگاربونەوەی لەنێو جوتیاراندا زیاترکرد ، بەهەڵەدا نەچووین ئەگەر بڵێن تاقیکردنەوەی سوپای ئەو سەربازانە زۆر بەکەڵکیان هات ڕاپەڕینی جوتیارانی تـــامـبـوف گەواهی ئەو مەسەلەیەیە . پێداگرتنی دەوڵەت لەسەر جێ بەجێکردنی ئەو سیاسەتە باڵی چەپی " ئیسی . ئاڕە کانی " بەتەواوەتی لە بەلشەفیکەکان جیاکردەوە .

هەڵبەتە هەر لە کۆنگرەی پێنجەمی سەرتاسەری شوراکاندا پێوەندی دۆستانەی " ئیسی . ئاڕەکان " بەناوی کۆمەڵەی جوتیارانی ڕوسیا لەگەڵ بەلشەفیکەکان بڕابوو . بەڵام بەتەواوی بڕانی ئەو پێوەندیە لە کۆتای ساڵی 1920 و سەرەتای ساڵ 1921 دا بو بەوهەمووە .

کەهەندێ لەبەرگرانی و شەڕی نێوخۆ و سەبارەت بە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی شەڕی بەلشەفیکەکان کەئاڕستە کردنەکەشیان زیندوکەرەوەی گوتە بەناوبانگەکەی ( برنشتاین ) بوو ، لەهەر ڕویەکەوە دیارە کە سیاسەتی شەڕی بەلشەفیکەکان نەیتوانی لە چارەسەری مەسەلەی کشتوکاڵدا سەربکەوێت ، لەوەش خراپتر بەهۆی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە توانی جوتیارانی لە چاندندا زۆر کەم کردەوە و مەسەلەی کشتوکاڵی ئاڵۆزتر کردبوو ، هەستی دوودڵی جوتیارانی بەرامبەر سۆشیالیزم لەزیادیدا بوو . هەڵبەتە دەتوانین بڵێین کە هەڵسوکەوتی بەلشەفیکەکان بەرامبەر مەسەلەی جوتیاران لە تاو وتوێی ئەو سیاسەتانەی گرتبویانەبەر هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە تائەوکاتە هۆی وەدیهێنانی ئەو ناکۆکیە بووە ،، جالەبەر ئەوە پێویست ناکات خەمی هەیوانت بێت کە خانوو سەرتاپا وێران بوو .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## سوپا

لەناوبردنی دەوڵەتی تـــزاری و خوای ئەویش وەرگەڕانی " حکومەتی کاتی " گۆڕانیێکی گەورەی لە سوپای ڕوسیادا بەدیهێنا . ڕێکخستن لەسەر بنچینەی گوێڕایەڵی کوێرانە ، دەستور لەسەرەوە و پلەکانی ڕێکخستنی دەوڵەت ڕەتکرایەوە ، ئەمەش یەکێک لە کەمترین داوا کاریەکانی شورا بوب ، لە مارسی 1917 کاتێک کەشورای شاری پترۆگرات دەستی بەجێ بەجێکردنی داخوازیەکانی خۆی لە " حکومەتی کاتی " دا کرد کارگێڕی و ڕێکخستن لەلایەن سەربازان خۆیانەوە جێ بەجێ کرا*.

دو بەدوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە ،ڕێکخستنی سوپا کە داواکاری شوراکان بوو بەهۆیەوە شورای سەربازی ڕێکخرا ، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا تەواونەبوو ، ڕێکخستنی سوپاش بەهۆی شەڕی ناوخۆو دەسەڵاتی تـــرۆتـــسکی لەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆشەڕ بەناوی کۆمیساری سوپاو شەڕ . گۆڕا ،بە بەرەنگار بونەوەی هێرشی نەپساوی ژەنەراڵەکانی تزاری دژی سەربازان و بەهۆی پسپۆڕی و پشتگیری دەرەوە و هەبوونی لەشکرێکی ڕێک پێک و خاوەن دیسپلین .

سوپای ئەوکاتەی بەلشەفیکەکان تاڕادەیەک لەبەر نەبونی و کەمو کوڕی جۆر بەجۆر لەسەختیدا دەژیا.بەبەتایبەتی بەکێشکردنی زۆری جوتیاران بۆ سوپا گیروگرفتەکانی زیاتر کردبوو ،ئامادەکردنی سوپا بۆ بەرەنگار بونەوەی " گاردە سپییەکان " و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش تابگرە بەرگری لە "نیشتمان " لەدوو ڕێگاوە دەتوانرێ بکرێت :-

### ڕێگای یەکەم :-

فراوانکردنی سیستەمی شورایی سوپا و پێسپاردنی بڕیارەکانی کارگێڕی و سەرپەرشتی بەدەستی سەربازان خۆیان و یائەوانەی کە بەڕای شوراکان خۆیان لێپرسراوێتیان دەخستەئەستۆ ، لەوڕێگەیەوە نەک تەنیا لەکارامەیی سەربازان زیادەبوو ، بەڵکو ئەوە هەر لەخۆیەوە زەمینەیەکی گونجاوبوو بۆتاقیکردنەوەی بیری شورایی و ئاشناکردنی ئەو سەربازانەی کە لە لادێکانەوە " نزیکەی تەواوی سوپا " دێن بەپیری کاری کۆمۆنی و سوشیالیزمەوە .

### ڕێگای دووهەم :-

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم شێوەیە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەدووبارە ڕێکخستنەوەی سوپا بۆ بەرەنگاربونەوەی " سپیەکان " بەباشی دێت :-

یەکەم / ڕازی بوون و هەڵوەشاندنەوەی شورای سەربازان و بەردەوام بونی پەیڕەوی کوێرانە ، یانی ڕازی بونی بێ چۆن و چڕی دەستور لەسەرەوە بۆ خوارەوە و هەڵبژاردنی بەر پرسیاری و ئەفسەران نەک لەلایەن سەربازانەوە بەڵکو لەلایەن کۆمیساری شەڕەوە بوو .
دووهەم / بەهۆی کەمبوونی ژەنەڕاڵی پسپۆڕ ، پسپۆڕانی سوپای تزاری کەتائەوکاتە هەر لەڕوسیا مابون داواکرا کە پێوەندی بە سوپای سورەوە بکەن .

ڕێگای دووهەم سیستەمێکی بەتەواوی لەگەڵ یەکەمدا جیاواز بوو لەڕاستیدا گەڕانەوەیەک بوو لەکۆنترۆل و کارگێڕی سوپادا بۆ سیستەمی تزاری . لە هەموو ڕویەکەوە بەلشەفیکەکان ڕێگای دووهەمیان بۆ خۆئامادەکردنی بەرەنگاربونەوەی سپییەکان بەگونجاوتر زانی و ترۆتسکی لەسەرئەم شێوەیە سوپای سوری ڕێکخست .

ڕەنگە هەندێک بڵێن لەبەر شەڕی ناوخۆ و مەبەستی سەرەکیش پاراستنی شۆڕشە ، ئەگەر سەرئەنجام شوراکانیش لەناوچون و سیستەمی تزاری دامەزرایەوە ، مەسەلەیەک نییە . لەلای ئەوانە ئامانج هەموو شتە و هۆیەکانیشی هەرچی بێت شتێکی بێنرخە . هەندێ گواهی تر سەلماندویانە کە ناوچەکانی وەکو کرۆنشتاد کە نەیانتوانی ڕێگای دووهەم پیادەبکەن نەک تەنیا لەپلەی بەرگریان کەم نەبووە بەڵکو زیادیشیکرد لانی کەم بەپشتیوانی بەڵگەی مێژووییەوە تێکشکانی هێزەکانی سپییەکان لە ساڵی 1919 لەلایەن دەریاوانانی کرۆنشتادەوە ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت .

لەهەمو ڕویەکەوە تاکۆتای شەڕی ناوخۆ و پاکسازی ڕوسیا لە ژەنەڕاڵەکانی تزاری ، شێوەی دووهەم وەک خۆی بەردەوام بو شتێکی زۆر ڕوونە کەئەو هەلەومەرجە هۆیەکی تری بوو بۆئاڕستەکردنی دامەزراندن و بەردەوامی سیستەمی کۆنترۆڵی سوپایی لەسەر شێوەی تزاری هێنایە مەیدان . ئەوانەی کەلەم پرۆسەیەدا بەشداربون بەناچاری بوونە ئاڕاستەکەرێکی پیشەیی و شوێن پێی ئەوانەش تائەمڕۆکە بەڕونی بەدی دەکرێت ،، هیگڵ ڕاستی گوتووە کەژیری بۆ شتی ناشرینیش هۆی باشی دەوێت*.

کرێکاران

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەم بەشەدا جێپێگای شارەکان و کرێکاران سەبارەت بە سیاسەتی " کۆمۆنیزمی شەڕ " هەڵدەسەنگێنین و هەوڵئەدەین کەدیمەنی تەواوی هەلەمەرجی ئەوکاتە بخەینەڕوو ... باری نالەباری و هەنگاوەکانی ، وێرانکاری لەشارەکاندا لەگەڵ خۆیداهێنا ، بەهۆی شەڕەوە کەرەسەی سەرەتایی و یەدەک بۆ بەردەوام بونی کارخانەکان نەبوو ، ژمارەیەکی زۆر لەناوەنیەکانی پیشەسازی داخرابون یان بەشێوەی نیوە کات کاریان دەکرد .

لەکۆتایی ساڵی 1920 ڕێژەی تەواوی بەرهەمی پیشەسازی گەیشتە یەک لەسەر سێی ساڵی 1911* ، بۆنمەنە لەساڵی 1920 دا بەرهەمی خەڵوز کەمی کرد و گەیشتە یەک لەسەرچوار و نەوت یەک لەسەر سێی بەرهەمی ساڵی 1913 هەڵبەتە دەبێت کاریگەری بایکوت و گەمارۆی ئابوری ڕوسیا و لەلایەن دەوڵەتەکانی ڕۆژ ئاوا لەبەرچاو بگیرێت . هەرچەندە بەشێوەیەکی یاسایی ئابلۆقەدانی پێوەندییەکانی ئابوری لەساڵی 1920 دا هەڵوەشایەوە ، کەچی دوای ئەوەش تاماوەیەک بەهۆی نەبوونی ئاسایشەوە ، چەندەها پەیمان لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا نەتوتنرا ئیمزا بکرێت* .

بەم شێوەیەی باسمانکرد ، ئەوهەلومەرجە نالەبارەی ئابوری بووە هۆی ئەوەی کە دەرامەتی کریکاران لە کۆتایی ساڵی 1920 دا بەپێی مەزەنەی سەرچاوەیەکی دەوڵەتی گیشتە 8،6٪ ی ئاستی دەرامەتی پێش دەست پێکردنی شەڕ* . تەواوی ئەو مەسەلانە بوونە هۆی ئەوەی کاربگاتە ئەو جێگایەیەی زۆر لە کرێکاران کارەکانیان بەجێ بهێڵن و بۆلادێکانی خۆیان کۆچ بکەن ، بەجۆرێک کەلە پترۆگرات یەک لەسەرسێی کرێکاران شاریان بەجێ هێشت * .

گرنگترین هۆیەک کە کرێکارانی بۆ ئەو کارە هاندەدا ، بەپلەی یەکەم کوم بونی ئازوقەبوو ، یان ڕوونتر بڵێین گرانی و بەرزبونەوەی نرخی کەل وپەل بوو ، بۆنمونە ، نرخی یەک نان بەدرێژای ساڵی 1920 گەیشتە دەجاربەرامبەر* . خاڵێکی تر چۆنیەتی دابەشکردنی خۆراکی ڕۆژانە بو کەبەڕێکو پێکی و گونجاوی دابەش نەدەکرا . بۆنمونە , کرێکارانی پیشەسازی قورس بەتایبەتی بەشی چەکسازی هەر ڕۆژەی 800 گرام نانی ڕەشیان وەردەگرت ، پیشەسازی سوک لەنیوان 100 تا 200 گرام نانی ڕشیان وەردەگرت ئەودابەشکردنە جلوبەرگی زستان و پێڵاو و سابون و کەل وپەلی پێویستی تریشی دەگرتەوە* .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەوکرێکارانەی بەهۆی جۆراو جۆرەوە ناچاربون لەشاردا دابنیشن زۆربەیان لەرێگەی لەرێگەی بەدزی فرۆشتنی کەل وپەلی جۆربەجۆر بەخەڵکی گوندەکان بۆ بەدەستهێنانی هەنێ نارد و پەتاتە و یان نان ، کەپێشیان لە مەرگی خۆیان پێگرتووە ، هەڵبەتە کارگەیشتە ئەوەی کە دەوڵەت بەناردنی پۆلیس بۆسەر ئەورێگایانەی کە شارو گوندییان بەیەکەوە دەبەستەوە پێشی لەو کارە دەگرت . توندوتیژی ئەو فەرمانبەرانە دژی هەموو لایەک بوو ، زیاتر لەوەش فەرمانبەرانی دەوڵەت دوای جوێن و سوکایەتی و تێهەڵدانی کرێکاران تەواوی ئەو خۆراکەی کە لەگوندەکانەوە هێنابویان بە تاڵان دەبرد . لەکۆتای ساڵی 1921 دا خەڵکی سکاڵای زۆریان دژی توندوتیژی و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو فەرمانبەرانە بۆ مۆسکۆنارد* . سەبارەت بەکارخانەکان و کرێکاران دەبێت زیاتر شت ڕوونبکرێتەوە ، ڕەنگە ئەو شتانەی لێرەدا دەست نیشانکراوە باشتر سیاسەتی کرێکاران و بەلشەفیکەکان ڕوون دەکاتەوە .

(( هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان )) ، دروشمێک بوو کە بەلشەفیکەکان بەهۆیەوە توانیان شوراکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن . کۆنترۆڵی کرێکاری لەکارخانەکان بێگومان ئەوە مەرجێک بوو کە کرێکارانی ستەم دیدەی بەلای ئەواندا ڕاکێشا ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەم دروشمە نەخرایەکار .

شەڕی ناخۆ بیانویەکی باش بوو بۆجێ بەجێکردنی ئەو شتەی کە بەلشەفیکەکان ناویان نابو "" سۆشیالیزم "" بەدەست پێکردنی ساڵی 1918 کارخانە گەورەکان خۆماڵی کران ، کۆنترۆڵی کرێکاری کەبەشێوەیەکی ناتەواو تائەوکاتە پیادە دەکرا لەسەرخۆو بەبەردەوام لە مەیدانی کارخانەکان  بزر دەبوو و سیستەمی بەڕێوبەرایەتی تاکەکەسی و یاسای سوپایی جێگای دەگرتەوە*. دەوڵەت لەلایەین گاردە سوپاییەکان ڕێکدەخراو لە کارخانەکاندا جێگر دەکرا ، ئیشوکاری ئەو گاردانە ناچارکردنی کرێکاران بوو بۆ ملکەچکردن بەفەرمانەکانی بەڕێوبەران و پسپۆڕانی بۆرجوازی*.

میلتاریزەکردنی کار ، بەڕێوەبرایەتی تاکەکەسی ،دامەزراندنی پێوەندییەکانی وشکی سوپایی ، تەنیا بەکارهێنانی بەڕێوبەر و پسپۆڕنی بۆرجوازی نەبوو بەڵکو بەڕێوبەرایەتی کارخانەکانیان بەوان سپارد.ئەمەش بیرەوەری تێهەڵدان و شەلاقەکانی سەردەمی تزاری بوو بەشێوەیەکی تر ، ئایا مەنشەفیکەکان بەهەڵە دەیانووت کە ئەو کارانە هەروەک سەدەی فیرعەونەکانە لەکۆیلەکان*؟. ئەوشتە بێ هۆنیە کە ترۆتسکی نەخشەکێشی سەرەکی ئەو سیاسەتە لە کۆنگرەی سەندیکاکاندا لەساڵی 1920دا گوتی .. {ئایا ڕاستە کە کاری بەخورتی هەمیشە بەرهەم هێنە ؟ ئەمە دڵسۆزترین و مسکینانەترین دادوەری لیبرالییە مێگەلی کۆیلەکانیش بەرهەم هێن بوون .. کاری بەخورتی بەندەکانیش .. لەکاتی خۆیدا دیاردەیەکی پێشکەوتوانە بوو }* .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەڵبەتە ئەوە سەرەتای کاربوو ، لەنۆڤێمبەری 1920 دا ، لەهەر – 5 – کارخانە چواریان دووبارە لەژێر چاودێری و بەڕێوەبەرایەتی تاکەکەسی دانرایەوە ، کارخانەو کارگە بچوکەکان خۆمڵ کران*. کرێکاران لە کارخانەکاندا لەچەند کۆبونەوەیەکی گشتی خۆیاندا دژ بەهێنانە کایەی ئەم سیستەمە ناڕەزاییان دەربڕی ، هاتنە پێشی ئەم سیاسەتە هاوکات بوو لەگەڵ گرانی ، سەرما ، کەمی کەرەسەی سوتەمەنی و نەخۆشی رشانەوە و گرانەتا ..*، ناڕەزایی و ڕەغنەیەکی بەرفراوانی لەلایەن خەڵکەوە هێنایە کایەوە ، کە لەخوارەوە لێیان دەدوێین .... .

# مۆسکۆ و پترۆگراد

پێشبینی کردن لەبەرەنگاربونەوی هەمەلایەنەی خەڵکی بەتایبەتی کرێکاران بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەت . لەمەڕ چۆنێتی و کاتی بۆگشت لایەک پرسیاربوو ، خراپی باری ئابوری و سەرمای بێئەندازە و بێ ئەزموونی تەنگو چەڵەمەی دروستکردبوە . لەڕاستیدا مۆسکۆ و پترۆگراد وەکو دوو تۆپەڵ بارووتی بەسەرە فتیلەی ئامادە و بەهێزیان لێهاتبوو تەنیا پریشکێکی بۆتەقینەوە دەویست و ئەمەش لە بەرواری 22 ی ژانیوەری 1921 ئەو پریشکەهات ، بەڕاگەیاندنی کەمکردنەوەی دابەشکردنی کەرەسەی بژێوی بۆ یەک لەسەرسێی ئەوەندەی کەئێستەهەیە لەلایەن دەوڵەتەوە*.

لەوەش خراپتر ، دوابەدوای ئەوە لەدەرۆژی سەرەتای فێبیروەری 1921 دا بەهۆی گیروگرفتی تەکنیکیەوە ڕێگای ئاسنین هیچ خواردەمەنییەک نەگەیشتە مۆسکۆ . لەناوەڕاستی فێبیریوەری دا کرێکاران دەستیانکردە کۆبونەوە لە کارخانەکان و داوای کۆتایی هێنان بە سیستەمی " کۆمۆنیزمی شەڕ " یانکرد و داوای دامەزراندنی بازرگانی ئازاد و زیاترکردنی کەرەسەی بژێوی و دابەشکرنیانکرد*.

دوای سەیرکردنی هەل ومەرجەکە ، دەوڵەت نوێنەری ناردەلای کرێکاران ، تاوەکو بەڕونکردنەوەی باری بابەتی هێمنیان بکەنەوە لەکاتی ووتاردانەکاندا کرێکاران وەڕس بوون و ووتاربێژەکانی دەوڵتیان لەسەر سەکۆی ووتار ڕاکێشایە خوارێ*. بەپێی ڕاپۆرتێک لەیەکێک لەوکارخانانەی کەکرێکاران بۆناڕەزای دەربڕین کۆبوبونەوە باس لە ڕەفتاری ئەفسەرەکان دەکات کەڕژابوونە نێو شەقامەکان بۆدامرکاندنەوەی مانگرو خۆپیشاندەرەکان ، کەچۆن بەهێرشی دڕندانەی ئەوان مانگرتن و خۆپیشاندان پەرتەی پێکرا .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕۆژێکی تر لەبەرواری 15 فیبریوەری 1921 دا کرێکارانی کارخانەی ، "ترۆپچنی " ڕژانە سەر شەقام و کرێکارانی تریان بۆ مانگرتن وەجۆش و خرۆش هێنا ، ئەو کارە چاک بەکەڵکیان هات کارخانەی جگەرە لافومە " پیلاوسازی " ، " ئاسکروکود " و کۆمەڵی میتاڵ سازی " بەلتیک " ، " پترونی " یش لەگەڵ کرێکارانی کارخانەی " ترۆپۆچینی " بەمانگرتن و ناڕەزایی دوای ئەوەش خۆپیشاندان هاتنە پێش ، ئەوبزووتنەوە جەماوەرییەی کرێکاران ، بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی کرێکارانی بەندەری " گالیرنایا " و کەشتی سازی " پترۆگراد "*.

ئیدی دەنگوباسی مانگرتن بڵاو بووە وە ، یەکێک لەکاربەدەستەکانی حیزبی بەلشەفیک بەم شێوەیە باسی دەکات ..... – مانگرتن لەسایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ! شتی وانییە باشەدژی کێ؟ دژی خۆیان؟ ئەوان " کرێکاران " چ لەڕوی سیاسیەوە و چ لەڕوی ئابورییەوە ڕێبەری کۆمەڵن –*.

لەبەرامبەر ئەو شەپۆلە گەورەیەی خەڵکی حیزبی بەلشەفیک لە پترۆگراد بەسەرۆکایەتی _ زینوفیف_ فرمانی دروستکردنی کۆمیتەی بەرگری دەرکرد و لە ئەندامانیشی داواکرد کە لە تەواوی ناوچەکانی کەشەپۆلی ناڕەزایەتی تیایدا سەریهەڵداوە ئەو " کۆمیتەی بەرگرییە " دروست بکەن*. مەبەست لەدروستکردنی ئەو کۆمیتەیە تەنیا ڕاگرتنی هێمنی و ڕێکوپێکی و سەرکوتکردنەوەی خەباتی کرێکاران بوو ،دوابەدوای دروست بوون و دەستبەکارکردنی " کۆمیتەی بەرگری " زینوفیف "بەر پرسیاری شورای پترۆگراد لە بەرواری 25 فێبریوەری میری سەربازی ڕاگەیاند و هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەرجۆرە کۆمەڵ بونێک بەنایاسای لە قەڵەم دەدرێت* .

ڕۆژێک دوای دامەزراندمی میری سەربازی ، شورای پترۆگراد ، شورای تریدیونیون ، حیزبی بەلشەفیک لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوایانکرد کەکرێکاران بگەڕێنەوە سەرکاری خۆیان و ئەو تەنگوچەڵەمەیەشیان لەئەنجامی بەرگریکردن لەشۆڕش دایە قەڵەم*. دوابەدوای بڵاوبونەوەی بەیاننامەکە و گرنگیپێنەدانی کرێکاران " کازمین " کۆیساری هێزی دەریایی بەلتیک بەشێوەیەکی ئاشکرا ، ڕایگەیاند کەتەنیا ڕێگای چارەسەر بەکارهێنانی توندوتیژییە .

لەم بارەیەوە داوای وەدەرنانی کرێکارانی " ترۆپۆچینی " کرد بوەناوەوەی کە بزوێنەری سەرەکی مانگرتن بوون و لەئەنجامدا لەوەرگرتنی خواردەمەنی بێبەشکران ، شورای پترۆگرادیش دەستیدایە ئەوکارەو تابگرە بەرامبەر کرێکارانی کارخانەی " لافۆمە "ش هەمان کاریانکرد*. ئەوجوڵانەوەیەی دەوڵەت نەک تەنیا کاری نەکردە سەر ناڕەزایی خەڵکی بەڵکو زیاتر پەری سەندو پەرەی پێدرا ، هەڵبەتە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەبێ ئەوەش بڵێین گۆڕانی دروشمەکانی کرێکاران لەئابورییەوە بۆ سیاسی ئاڕادەیک سەغڵەتی دەوڵەتی زیاتر کرد، بۆنموونە تەواوی مانگرتنەکان داوای لابردنی گاردی تایبەتیان دەکرد لە کارخانەکاندا*.ئەوهێزەی کە هەڵسەکەوتی وەک پۆلیسی سیاسی وابوو بۆ سەرکوتکردن و دەستنیشانکردنی کرێکاران و ناچارکردنیان بەوەی ڕازیبن بەسیاسەتی بەڕێوبەرەکان.

خەباتی بێ لەمپەری کرێکاران و داواکارییە ڕادیکالییەکانیان بەڵگەی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیون دایە دەست دەوڵەت ، لەژێر پەردەی ئەوەی کە ئۆپۆزیسیون بزوێنەرو هۆشدەرو ڕێکخەری ئەو مانگرتن و ناڕەزاییانەیە ، دەستیانکردە دەسگیرکردن و درخستنەوەیان ، ڕێکخراوە مەنشەفیکەکان لەوکاتەدا کەوتەبەر لێدانێکی سەخت و لەسەرەتای مانگی مەی 1921 نزیکەی -5- هەزار کەس لەئەندامەکانیان لەلایەن پۆلیسی سیاسیەوە لێدەستگیرکرا*. هەروەها تەواوی کۆمیتەی ناوەندی مەنشەفیکەکان لەلایەن پۆلیسی سیاسیەوە گیران و بڕیاری گوللە بارانیشیاندرا ، بەڵام –مەکسیم گۆرگی- دەکەوێتە نێو و لە مەرگ ڕزگاریان دەکات .

هەڵبەتە پۆلیس تەنیا بە ئۆپۆزیسیون وازی نەهێنا و لە کارخانەکان کەوتە گیانی ڕابەری کارخانەکان و لەکۆتای مانگی فێبریوەری نزیکەی -500- کەس گیران لەکرێکاران و ئەندامانی تریدیۆنەکان و خرانە بەندیخانەوە ..* .

دوابەدوای دەستگیرکردنی بزوێنەران و ڕێکخەرانی خەباتی کرێکاران ، دامەزرێنەری میری سەربازی وسەرکوتکردنی کرێکاران بەتوندوتیژی " زینۆفیف " ، دەستی بەهەندێ ڕیفۆرم کرد بەمەبەستی داپۆشینی خەباتەکەیان ، دابەشکردنی خواردەمەنی زیادکرد ، مۆڵەت بەکرێکاران درا کەلە شار بچنەدەرەوە ، هەروەها دەستوریدا کەکۆنترۆڵ لەسەر شەقامەکان هەڵبگیرێت ، لەهەمان کاتیشدا ڕایگەیاند کەنزیکەی -18- ملیون " پود "( یەکەیەکی کێشانی ڕوسیە ) خەڵوزی بەرد کەلەدەرەوەی وولات کڕدراوە بەم زووانە دەگاتەجێ ،هەروەها بۆیەکەمینجار ڕایگەیاند کە پرۆگرامێک بۆگۆڕینی سیاسەتی ئابوری بەڕێگاوەیە*.

بەهەرحاڵ کرێکاران و خەڵکی کەلە دەستی برسێتی وسەرما و شاڵاوی دڕندانەی دەوڵەتی بەلشەفیکەکان لەسەر لێواری مەرگ بوون بەبینینی ئەوڕیفۆرمانە دەستیان لەخەبات کێشایەوە لەسەروبەری مانگی مارس هەموو شتێ گەڕایەوە باری ئاسایی .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خەباتی کرێکاران لە مۆسکۆ و پترۆگراد هەرچەندە تەمەنی کورت بو بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی لەدروستکردنی ڕاپەرینی کرۆنشتاد دا هەبوو ، ... کەلەبەشی دووایدا لەمبارەیەوە دەکۆڵینەوە ........ ............. ................................. .

# کرۆنشتاد *

لێرەدا مەبەستمان پیشاندانی وێنەی تەواوی ڕاپەڕینی کرۆنشتادە ،بۆیە ڕەنکردنەوەیەکی هەرچەندە کورت لەڕوی مێژووییەوە بە پێویست دەزانین .

شاری کرۆنشتاد ، دانیشتوانەکەی نزیکەی -50- هەزار کەس دەبێت کە نیوەیان شارستان و نیوەکی تریش دەریاوان و سەربازن ، نیوە شارستانیەکەی بریتین لە کرێکارانی دەستکورتی کارخانەو ، ماسی گرو فەرمانبەری دامودەزگاکانی دەوڵەت و سەربە سوپان ، هەڵبەتە ژمارەیەکی دیاریکراویش ووردە بازرگان لەشارەکەدا هەیە .

## *1905 تا ئۆکتۆبەری 1917 ***

ڕابردووی خەباتی خەڵکی شاری کرۆنشتاد ناوبانگێکی تایبەتی و گشتی هەیە و یەکەمین ڕاپەڕینی نارِزایی لەساڵی 1905 بوو ، بووە هۆی کوشتنی چەند سەرکردەیەکی سەربازی کە بۆکەمکردنەوەی شێفتی کار و چاککردنی هەلومەرجی ژیان دەستی پێکرد ، ئەو ڕاپەڕینە دوای دوو ڕۆژ بەکوشتنی -17- کەس و برینداربونی -82- کەس و دەستگیرکردنی 3000 کەس کۆتای هات ، لەڕاستیدا داواکاریەکانی ساڵی 1905 جارێکی دیکە دوای تێکشکانی شۆڕش ، ئەوکاتەی کۆنەپەرستـــــی

---

*– شاری کرۆنشتاد دەکەوێتە دوورگەی کۆلتین لەکەنداوی فینلاندە و نزیکەی 20 میل لەشاری پترۆگرادە وە دووره ، ئەوکەنداوە هەر لە مانگی نۆڤێمبەرەوە تاکۆتایی مارس یاسەرەتای ئەبریل بەستویەتی .

**– لێرەدا هەنیدێ لە سنوری باسەکە دەچینە دەرەوەو لەڕابردوی خەبات لە دوای ساڵی 1905 دەکۆڵینەوە .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاستۆلۆلیین ، سایەی شومی زەبروزەنگی بەسەر هەمووڵایەکدا سەربڵندبوو ، دەریاوانان لە بەرواری 19ی جولای 1906 دا جارێکی دیکە سەرلەنوێ ڕاپەڕینەوە ئەم جارەیان تامی ناخۆشی شکستیان چەشت ، لەنێوانی ئەوانە نزیکەی -36- کەس لەڕێبەرانی دەریاوانان دەستگیرکران و بەدەستی بەکرێگیراوانی تزار لەسێدارەدران* ، لەنێوان ساڵەکانی 1906 تا 1917 شارنشینەکانی کرۆنشتاد بەتایبەتی دەریاوانان چەند جارێ لەسەر مەسەلەی جۆربەجۆر کۆبونەوە و دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵبڕی ، لەتەواوی ئەوکاتانەی کەڕووسیا لەژێر ڕکێفی فەرمانداریبیەتی تزاردا بو هێزی دەریایی تاکە نموونە بوو کە فەرماندەکانی بەدوودڵی هەڵدەبژارد و تاڕادەی تواناش پێشیان لە بەسەرداسەپاندن و ستەمگەری دەگرت .

دوای سەرنگوم بوونی ڕژێمی ستەمگەری تزار دەسەڵات کەوتەدەستی دەوڵەتی کاتی ، بەپێچەوانەی تەواوی ڕێکخراوەکرێکاریەکان ، سەربازی و جوتیارییەکان ، شورای کرۆنشتاد سەرۆکایەتی کەوتە دەستی ئەنارشیستەکان و بەلشەفیکەکان ، باڵی چەپی " ئیسی . ئاڕە " کان و بێلایەنی ڕادیکال ، تاکەنمونەی شۆڕشگێڕبوو کەلەبەرامبەر دەوڵەتی کاتیدا جڵەو شۆڕش نەکاو خۆی بەتاکە دەسەڵات حسێب بکات*.

بەڕێوەبردنی شار بەهۆی دروستکردنی کۆمیتەی جۆربەجۆر وەکو : کۆمیتەی خواردەمەنی ، کۆمیتەی نیشتەجێکردن ، کۆمیتەی کەشتی و ئۆردووی خەڵکی بەڕێوە دەبرا ، بەرهەمی ئەو بەڕێوەبردنە لەڕێگای شووراوە بەجۆرێک بە کەلەڕێی دروستکردنی " کۆمۆنەکانی کشتوکاڵەوە " کە هەرکۆمۆنەی زیاتر لە -50- کەسی تێدا بوو ، دەستیانکرد بەچاندنی تەواوی ئەو زەویانەی شایانی چاندن بوون لە دوورگەکەدا و توانیان لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ، لەبرسێتی ڕزگاربن*.

دوای ئەوەی بەدەسەڵاتی دەوڵەتی کاتی ڕازی نەبوون و لەوساوە کاریگەری خەباتیان لەتەواوی ئەو بەرەنگاریانەی دژی دەوڵەتی کاتی دەهاتنەکایە دەتوانرێ بەئاشکرا ببینرێت ، بۆنمونە : لە ئەپریلی 1917 دا لەخۆپیشاندانی پترۆگراد توانیان ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن و گیانی گروپێکی ئەنارکیستەکان کە کەوتبونە بەر هێرشی دەوڵەت ڕزگاربکەن *.

دوای توندبونی خەباتی نێوان دەوڵەتی کاتی و شوراکان و بەهاتنی ڕۆژە تۆ فانییەکانی زۆری دەریاوانان هاتنە پترۆگراد و ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان بینی ، هەر لەبەرئەوەش بوو کەترۆتسکی ئەوانی {{ بەمایەی شانازی و سەربڵندی شۆڕش }} ناوبرد ، بەڕێکەوت هەر لەو کاتانەدابوو ، _ فیکتۆر چرنۆڤ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

_ وەزیری کشتوکاڵ لە حیزبی " ئیس . ئارە " کان کەتبووە دەستی دەریاوانان و لەسەروبەری لەسێدارەدانیدا بون ترۆتسکی بەووتارێکی ڕەوان و بەشێوەی خۆی لەمەرگ ڕزگاری کرد*.

بەبەردەوامی خۆتێکەڵاوکردنی دەریاوانان لە خەباتی سیاسی ڕوسیا ، ڕاپەڕینی " کۆرنۆلیف " هاتەپێش کەئامانجی لەناوبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و گە ڕاندنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری تزار بوو ، لە خەبات بۆ تێکشکاندنی ئەو ڕاپەڕینە دەریاوانان جێگایەکی تایبەتیان هەبوو*، بەهاتنی -25- ئۆکتۆبەر ، جارێکی تر دەریاوانان هاتنەوە پترۆگراد و دوای بەشدارییەکی کاریگەرانەیان لەسەرکوتکردن و وەرگێڕانی دەوڵەتی کاتی و گرتنی ( کۆشکی زستانی ) جارێکی تر بە {{ مایەی شانازی و سەربڵندی شۆڕش }} لەقەڵەم درانەوە .

بەهەر شێوەیەک ئەگەر لە پرۆسەی مێژوویی فێبروەری تا ئۆکتۆبەر بکۆڵینەوە ، بەدەگمەن ڕووداوێک پەیدادەبێ کەدەریاوانان یان شارنشینەکانی کرۆنشتاد دەستیان تێدا نە بوبێ ، ئەو چالاکی و خۆتێهەڵقورتاندنانە ڕیشەیەکەی لەجێگای چینایەتییان و هەروەها ، ورەبەرزی بێپەروایییانەوەهەندێ ، بەرەنگاربونەوە و خەباتی بەردەوامی دژ بەدەسەڵات لەسەردەمی تزاردا ، بوو وە هۆی دروستبونی گیانی بەرەنگاربونەوەی دژی دەسەڵات لەنێوان شارنشینەکانی کرۆنشتاد ، بۆنمونە : ***لە پرۆسە فێبروەری تا ئۆکتۆبەر*** ، شارنشینەکان هەر ڕۆژە لەگۆڕپانی " کۆنگرە " کۆدەبونەوە و سەبارەت شار و هەلەومەرجەکانی ووتو وێژیان دەکرد ، ئەوگۆڕەپانە جێگای نزیکەی _25_ هەزارکەسی لێدە بۆوە ، هەر ڕۆژە ، بەشێوەیکی ئاسایی هەمان ژمارە ، لەکاتی تەنگانەشدا زۆر زیاتر ، کۆدەبونەوە ، بەکورتی بڵێن ، ئەوە سادەترین و لەهەمانکاتدا ڕاستەوخۆترین شێوەی کۆنترۆڵی کۆمۆنەیی بووە .

## ***میری بەلشەفیکەکان و شەڕی ناخۆ***

دوای سەرنگومی دەوڵەتی کاتی و دەستبەسەراگرتنی دەوڵەت لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە ، لە چالاکییە ڕادیکالیزمەکانی دەریاوانانی نەک دانەبەزاند ، بەڵکو زیادیکرد ، لەم بارەیەوە لە ژانیوەری ساڵی 1918 دا ، دوو کەس لەوەزیرانی دەوڵەتی کاتی کە لە نەخۆشخانەی پترۆگراد خەوێنرابوون ، شەو کوشتیان ، لینین تاماوەیەک خەریکی دۆزینەوەی پیاوکوژەکان بوو ، بەڵام لەو کاتەدا ناکۆکی لە ووتو وێژدا هەبوو ، دۆسییەی کوشتن ڕەوانەی ئارشیفکرا* .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەوکاتانەدا یانی سەرەتای ساڵی 1918 دەریاوانان پێوەندیەکی دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەت دەست پێکرد ، لەبەر ئەوەی لەوبارەدا بوون کە ئەو دەوڵەتە لە ڕەچەڵەکێکی ترە ، هەر لەوکاتەشدا بەلشەفیکەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران  شکست یانخوارد و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجومەنەیاندا ، بۆ پەرت و بڵاوەپێکردنی ئەو ئەنجومەنە سودیان لە گروپێک دەریاوانان بە ڕێبەرایەتی ئەنارشیستێک وەرگرت* .

دوابەدوای دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆ و هێرش هێنانی ژەنەڕاڵکانی تزاری بۆ گۆشەو کەنارەکانی ڕوسیا ، دەریاوانان لە ڕیزی پێشەوەی _40_ هەزارکەسی ، یەک دەست و یەکپارچە بۆ پاریزگاری لە بەلشەفیکەکان هاتنە پێش و لەسەنگەری نەبەردیدا دامەزران و ، لەوکاتەدا ،کەلینین پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی ڕاگەیاند ، دەریاوانان بەنەبونی سۆشیالیستەکاتی تر لەناو دەوڵەتدا ناڕەزاییان دەربڕی و ئەوەش بەیەکەمین پروشکی ناکۆکیان لەگەڵ دەوڵەتی بەلشەفیک دادەنرێت* ،

گۆڕانی ئەو پروشکە بەئاکرێکی کز هەر لەمارسی 1918 دا دەتوانریٚ هەست پێبکریٚ کاتیٚ دەریاوانان بە شێوەی هەمیشەی خۆیان " کۆمیتەی کۆنتۆڵی هێزی دەریا " یان لەنیێوان ئەندامانی هێزی دەریایی هەڵبژارد و ئەو کۆمیتەیە لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە ڕەتکرایەوە و لەجێگای ئەوە کۆمیتەیەک لەلایەنگرانی حیزب هەڵبژێردرا ، لەڕاستیدا ئەو ڕەفتارە مانای گرنگی نەدان بوو بەئەو بڕیارەی دەریاوانان کەلە ئۆکتۆبەری 1981سەبارەت بەوەستاندنی زەوتکردنی دانەوێڵە ، سەرکوتکردنی گرووپەکانی دیکەی چەپ و ، هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئاشتی "بریست "*.

ئەوهەڵسوکەوتانەی سەرەوە بەشێکن لە یەکەمین هەنگاوەکانی بەلشەفیکەکان بۆ توندکردنی پایەی دەسەڵاتی خۆیان ، لەڕیزی سوپاشدا بەهەمان شێوە سیستەمی شورای نێو سوپای سووریان هەڵوەشاندەوە و پەیڕەوی کوێرانە و مل کەچی بۆسەرەوەی لەجیٚ دانرا ، دوابەدوای ئەوە بە هەزاران ئەفسەر و خاوەن پلەوپایەی پێشوی سەردەمی تزاریان هێنایەوە ناوکار* .

هێزەکانی سوپایی "سوپایی زەوی و دەریا " لەدوای ئەوسیاسەتەی لەلاین بەلشەفیکەکانەوە خرابووەکار ، دەستیان دایەوە دووبارە ، خۆڕێکخستنەوە و نمونەی ئەوڕێکخستنەش دەتوانریٚ لەدامەزراندنی " ئۆپۆسیزوینی هێزی دەریایی "، لەهێزی دەریا ، " ئۆپۆسیزوێنی سوپا " لەسوپایی سورداو " ئۆپۆسیزیۆنی کرێکاری " لەکارخانەکاندا ببینرێت *( ئەو ئۆپۆسیزیونە جیاوازە لەگەڵ ئەو ئۆپۆسیزیۆنەی لەناو دەرونی حیزبدا هەبوو )* ، ئەوڕێکخراوانە ، بۆ دووبارە وەدەستهێنانەوەی ئامانج و دەستکەوتەکانی شۆڕشی 1917 تێیان دەکۆشی ، ئەودەستکەوتانەی کەبەخێراترین شێوە لەدەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەناوی دامەزراندنی " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە " دەرهێنران .

## کۆتایی شەڕی ناوخۆ تا ڕووداوەکانی پترۆگراد .

بەتێکشکانی سپییەکان و کۆتایی شەڕی ناوخۆ ، هەموولایەک سوپایی و شارستانی و خەڵکی شاری کرۆنشتاد و سەرتاسەری ڕوسیا ، چاوەڕوانی بارودۆخێکی باشتر بوون مەرجی سەرەکی بۆ ڕێگای باشترکردنی ئەو بارودۆخە کۆتایی هێنان بوو بەسیاسەتی کۆمۆنیزمی شەڕ .

بەڵام بەڕوونی نەیان بینی کەنەک تەنیا گرێکانی کۆمۆنیزمی شەڕ شل نەبونەتەوە بەڵکو توندتربوون ، جائێستە ترسی دەوڵەتی سپییەکان یاداگیرکردنی نیشتمان لەلایەن دەوڵەتێکی بێگانەوە نـــەمـــــاوە بۆیە ناڕەزایی خەڵکی هەر ڕۆژە زیاتر ئاشکرادەبوو ، ژمارەیەکی زۆر خەڵک کەلەکاتی شۆڕش و دوایدا پێوەندیان بە حیزبی کۆمۆنیستەوەکردبوو وازیان لەئەندامێتی حیزب هێنا ، ژمارەی ئەندامانی حیزب لەکرۆنشتاد گەیشتە نیوە*.هەندێک لەوانە حیزب خۆی پاکیکردنەوە و بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور ، " هێزی دەریایی قەراخ دەریای ڕەشی " ناردن* .

لەبەردەوامی ئەو ناڕەزاییەدا ، لەکۆنفرانسی دووهەمی دەریاوانانی کۆمۆنیست ، لەبەرواری _15_ فێبریواری 1921دا ، لە بڕیارنامەییەکی چوار بڕگەیدا ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر دەوڵەت و " کارگێڕی سیاسی هێزی دەریایی " لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵکراو بەرامبەر دەریاوانان دەستور دانانیان بۆچالاکی سیاسییان بەرزکردەوە* .لەوکاتەدا ڕوداوی مۆسکۆ و پترۆگراد هاتەپێش و دەریاوانانی کرۆنشتادیش بەهۆی نزیکی جوگرافییای لە پترۆگرادو ، هەروەها بەدرێژایی ساڵانی خەبات لەڕێگەی ئازادیدا ، چەندەهاجار چووبوونە پترۆگرادو بەرگریان لەخەباتی کرێکاران کردبوو ، لەهەمانکاتدا زۆر خێزانی دەریاوانان لە پترۆگراد دەژیان ، بەبڵاوبونەوەی دەنگوباسی مانگرتن و ناڕەزای جەماوەر و سەرکوتکردنی خەڵکی بەتوندوتیژی و بێڕەحمانە، تزاری ناسا لەلایەن دەست وپێوەندەکانی دەوڵەتەوە .

کرێکارانی کرۆنشتاد بۆچونێکی تایبەتیان بۆ ئەو مەسەلەیە هەبوو ، هەربۆیەش لەبەرواری _26_ فێبریواری کرێکارانی دووبنکەی دەریایی " سباستۆپول " و " پیترۆ پالۆسک " پێکەوە بەپەلە دەستەیەکی _30_ کەسییان هەڵبژاردو بۆلێکۆڵینەوەی ئەو بارودۆخە ڕەوانەی پترۆگرادیان کردن ، دەستەکە دوای سەیرکدنی ئەوهەلومەرجە خراپەو لێکۆڵینەوە کارخانەکان ،، یان بەقسەی " پیتر یجینکۆ "، کەیەکێک بو لەڕێبەرانی دەریاوانان " ئۆردوگای کاری بەخورتی سەردەمی تزار " دووای دووڕۆژ گەڕانەوە کرۆنشتاد* . ئەو مەسەلەیەی کەسەرنجی دەستەکەی سەبارەت بەلێکۆڵینەوەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کارخانەکان ڕاکێشابو ، ترسی کرێکاران بو لەڕاوێژکردن بەتایبەتی لەبەرچاوی گاردی تایبەتی و ئەندامانی حیزب ، بەڵام یەکێ لەکرێکارن ئەو بەندەی شکاندو گووتی :-

{ کاتێ ئێوە لەکرۆنشتادەوە دێن تەواوی ئەوماوەیە ئێمەیان بە ئێوە دەترساند ، ئێوەش ئێستا ئارەزومەندی بیستنی ڕاستین دەبا ڕاستیتان پێ بێژین :- ئێمەبرسین پۆشاک و پێڵاومان نییە ، لەڕوی دەرونیشەوە کەوتوینەتە ترسناکیەکی گەورەوە ، تەواوی خواست و داواکارییەکانی ئێمە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە تیرۆرو تیرۆرێکی بێکۆتای وەڵام دەدرێتەوە ، ئێوە تەنیا تەماشایەکی بەندیخانەکانی پترۆگراد بکەن دەبینن چ ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیانی ئێمە لەماوەی ئەو سێ ڕۆژی دوایدا لەوێ ژیان بەسەردەبەن .

نەخێر هاوڕێیان ، ئێستاکاتی ئەوەهاتووە بەئاشکرا بەکۆمۆنیستەکان بێژین لەقسەکانتان تێربوین و بەسە ، دەک دیکتاتۆرەکەتان سەرەونخونبێتەوە کەئێمەتان خستۆتە ڕێگایەکی بنبەست ، ڕێگا بۆخەڵکی بێلایەن و ناحیزبی چۆڵکەن ، هەربژی شوراکان کەبەئازادانە هەڵبژێردراون تەنیاوتەنیا ئەم شورایانە دەتوانن ئێمە لەو بەدبەختییە ڕزگاربکەن }* .

دوای گەڕانەوی " دەستەی لێکۆڵینەوە " لەپترۆگراد دەریاوانان لەکۆبونەوەیک لەپاپۆڕی " پیترۆ پالوسک " ئەوبڕیارنامەیەی خوارەوەیان دەرکرد و:-

دوای گوێگرتن لە ڕاپۆرتی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکارانی هێزی دەریایی کە ڕەوانەی پترۆگراد کرابوو ، بۆلێکۆلینەوە سەبارەت بەهەلومەرجی لەئارادا ، ئێمە ڕادەگەیەنین کە :-

1- لەبەرئەوەی ، شوراکانی ئێستا ، دەربڕی وویستی کرێکاران و جوتیاران نین . دەست بەجێ هەڵبژاردنی نوێ و بەشێوەیەکی نهێنی بکرێتەوە و ئازادی پڕوپاگەندە پێش هەڵبژاردن بۆگشت کرێکاران و جوتیاران بدرێ ،
2- ئاوەڵاکردنی گوتن و چاپەمەنی بۆگشت کرێکاران و جوتیاران و ، ئەنارشیستەکان و حیزبەکانی چەپی سۆشیالیستی تر ،
3- زامنکردنی ئازادی کۆبونەوە و کۆمەڵ بوون بۆ تریدیونییەکان و ڕێکخراوەکانی جوتیاری تر ،
4- بانگێژی یەک کۆنفرانسی بێلایەنی " ناحیزبی " کرێکاران ، سەربازانی سوپای سوور ، دەریاوانانی پترۆگراد ، کرۆنشتاد لە مەیانی پترۆگراد تا _10_ مانگی _1921_ بگیرێ ،
5- بەرەڵاکردنی تەواوی بەندە سیاسیەکانی سەر بە حیزبە سۆشیالیستی و کرێکاران و ، جوتیاران و ، سەربازان و ، دەریاوانان کە لەبەر بزووتنەوەی کرێکاری و جوتیاری خزێنراونەتە بەندیخانەوە ،

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

6- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئاستانە سیاسییەکان ، لەبەرئەوەی ئەگەر هەرکەسێ ئەگەر حیزبی نەبێ مافی ئیمتیازی تایبەتی بۆ پڕوپاگەندە لەبابەت بیروباوەڕی و تابگرە کۆمەکی دارایی لەلایەن دەوڵەتیش ناتوانرێ وەربگرێ بە شێوەی خۆجێی " ناوچەیی " بەڕێوەبردنی و لەلاین دەوڵتەوە خەرجی بدرێ ،

7- لابردنی هێزی تایبەت کە بۆکۆنترۆڵکردنی شەقامەکان دامەزراوە ،

8- یەکسانکردنی تەواوی خەڵک کەخەریکی هەرکارێکن ، بێجگە لەوانەی کەکاریان بۆ ئاسایشی خەڵکی زیانبەخشە ،

9- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی " هێزی شەڕکەری کۆمۆنیست " لەناو سەرتاسەری بەشەکانی سوپا ، بەهەمان شێوە " گاردی کۆمۆنیست " لە کارخانەکان و ناوەندییەکانی پیشەسازی ، ئەگەرلە کاتێکدا نیازی دروستکردنی ئەو هێزانەش بە بیرداهات ، ئەوە لەدەرونی سوپا بەهۆی سەربازان و لە کارخانەو ناوەندییەکانی پیشەسازیش بە هۆی کرێکارانەوە ، هەڵبژێردرێن ،

10- دانانی کۆنترۆڵی تەواو لەسەر زەوی و مەڕو ماڵاتی جوتیاران بۆئەوی جوتیاران سوود لەهێزی کار وەرنەگرن ، بەشێوەیەکی تر بڵێین کەسێکی تر نەکەنە خزمەتکاری خۆیان ،

11- لەتەواوی بەشەکانی سوپا و هەروەها هاوڕێیانی کۆلیژی ئەفسەری داوادەکەین کە ئەو بڕیارنامەیە پەسەند بکەن ،

12- لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندن داوادەکەین کە ئەو بڕیارنامەیە لە ئۆرگانەکانی خۆیاندا بەشێوەیەکی تەواو پیادەبکەن ،

13- هەڵبژاردنی بەڕێوبەرایەتی ناوخۆی کۆنترۆڵ ،

14- مۆڵەتی دروستکردنی کارگە و کاری دەستی لەلایەن هێزی کاری تایبەتییەوە بدرێ *.

## لەبڕیارنامەی دەریاوانانەوە تا دەستپێکردنی سەرکوتکردن

دوای پەسەندکردنی بڕیارنامەی هێزی دەریایی " پیتروپالوسک " ، لەلایەن دەریاوانانی هەر دوو ستونی هێزی دەریایی لە کرۆنشتاد و بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵەو گەشتنی بە پترۆگراد ، زەنگی ترسێ دەرچوو ، لەبارەوە ، دووکەسە لەپلەدادارە بەرزەکان بۆ بۆ ووتاردان سەبارەت بەوهەلومەرجە بۆخەڵکی شاررو داپۆشینی بڕیارنامەکەی ناوبراو ڕەوانەی کرۆنشتاد کران ،

لەبەرواری یەکی مارس کۆبونەوەیەکی گەورە بەئامادەبونی _15_ هەزارکەس لەمەیدانی " لەنگۆر "دا بەسترا یەکەمین ووتار هی " کالینین " بو( سەرۆکی کۆمیتەی سەرپەرشتی شورای سەرتاسەری مۆسکۆ ) لەبەر هەلومەرجی نەگونجاو داوایکرد کە ووتارەکە لەشوێنێکی بچوکتربێ ، بەڵام دووای

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەوەی کەخەڵک ڕازی نەبوو ، داوای لێبوردنی لەووتاردان کردوو " کازمین " مۆمیساری شەڕ لەجێگەی ئەو ووتاریدا ، ووتارەکەی لەمەڕ گرژی باری ئابوری و ترسی هێرشی دووبارەی سپییەکان تابگرە دەوڵەتانی بێگانە ، لەکۆتایشدا داوای ورەبەرزی و هێمنی لە خەڵکی کرد . ووتارەکەی ئەو نەک تەنیا بەساردی لەلایەن خەڵکی وەرگیرایەوە ، بەڵکو جەماوەر زۆر بەتوندی لەگەڵیاندا کەوتە ووتووێژکردن .

دوای ئەوەی کەپلەدارە بەرزەکانی حیزب ، لەئەنجامی کارەکەیان واتە لەخشتەبردن سەرنەکەوتن ، دەریاوانان بڕیارنامەی " پیترۆپالۆک " یان خستەبەردەمی جەماوەر بۆڕا لەسەردان ، لەناو تەواوی جەماوەردا تەنیا کالینین و کازمین و ڤاسیلۆ و " سەرۆکی حیزب لە کرۆنشتاد " و چەند کەسێکیتری فرمانبەری حیزب ڕایان دژدا ، ئەگینا تەواوی جەماوەر بەشێوەیەکی یەک پارچە بڕیارنامەکەیان پەسەندکرد*.

ڕاستیەکەی دوای سەرکەوتن لەپەسەندکردنی بڕیارنامەی دەریاوانان لەلایەن جەماوەرەی شار ، بڕیانامەی " پیترۆپلۆسک " شێوەی مانیڤێست و بەرنامەی خەباتی جەماوەری وەرگرت ، بڕیارنامەکە لە دوولایەنەوە بووە هۆی نیگەرانی زۆری سەرۆکایەتی حیزب ، یەکەمین :- پەسەندکردنێکی بەوشێوە بەرفراوانە و گرنگییەکەشی بۆ ئەوان لەوەدابوو کەهیچ یەکێک لە کۆمۆنیستانەی لەناو خەڵک بوون و ژمارەشیان کەم نەبوو ڕایان دژی بڕیارنامەکە نەبوو و مۆری لایەنگریشیان بۆ لێدان ، خاڵی دووەم :- یانی هاودەنگی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ خەباتی جەماوەر دژی " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا " ، بەشێوە بەلشەفیکیەکەی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ نارەزایی خەڵکی تر بەدەرخست*.

ڕۆژی دواتر ، یانی -2- مارس – 300 – یا -303- نوێنەری هەڵبژاردرا و لەلایەن دەریاوانان ، ناوەندی کارخانەکان ، بەندەر و ترێدیونەکان بۆ هەڵبژاردنی شورای ڕاستەقینە کۆنفراسێکیان لە کۆلیجی ئەندازیاری شار بەست ، نوێنەران لەنێوان خۆیاندا -5- کەسیان بەناوی ( کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) هەڵبژارد " کەدواتر ئەوژمارەیە گەیشتە -15- کەس *،

لەوکۆنفرانسەدا کازمین و ڤاسیلۆ بەووتار و هاندان دژی دەریاوانان کەوتنە کار و ڕاگەیاندن کە کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتی دووانە قەبوڵ ناکەن و تادواهەناسەش دژیان دەوەستن ، هەروەها کازمین فرمانیدا کەشار لەشتیگرن و کەرەسەی خواردن چۆڵ کەن ، ئەوەبووە هۆی ئەوەی دەریاوانان هەردوکیان دەستگیر کردن و خستنیاننە بەندیخانەوە *.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەماوەی -2- 3- مانگی مارس ، نزیکەی -9- هەزار بەیاننامە لەمەڕ بڕیارنامەی کرۆنشتاد کەلەلایەن دەریاوانانەوە بۆ پترۆگرادو شوێنەکانی دیکە ڕوانەکران ، کەوتنە دەستی پۆلیسی سیاسی ، و -9- دەریاوانیش بەوبۆنەیەوە دەستگیر بوون *، دەریاوانان بۆ پڕوپاگەندە دەربارەی بەرنامەکاری خۆیان دەستەیەکی -30- کەسییان لەگەڵ چەندەها دانە لە بڕیارنامە ڕەوانەی بنکەی ئاسمانی (ئاڤرانین بووم )*، بۆبەردەوامی داڕشتنی سیتەمێکی پتەوی پڕوپاگەندە و دامەزراندنی پێوەندی بیروباوەر لەگەڵ هەموو جەماوەر (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) ڕۆژنامەیەکی بەناوی ( هەواڵەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی دەریاوانان و کرێکارانی شاری کرۆنشتاد ) بڵاوکردەوە ، ئەو ڕۆژنامەیە بەبی ٚوەستان تا-16-مارس بڵاوبووە وە، سەرنووسەرەکەی کابرایەک بو بەناوی ( ئەناتۆ لامارۆف ) بوو ، هەر بەپێی بۆچونی هەندێ لە مێژوو نووسان ، هەرئەو کابرایە بەخۆی تیوریستی ڕۆژنامەو تەواوی بزووتنەوەی کرۆنشتاد بوو ، دواى تێشکانی ڕاپەڕینی کرۆنشتاد دەستگیرگراو لە سێدارەدرا *.

کالینین کەلەپێشدا باسمانکرد ، دواى کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکەی ڕۆژی -1- مارس گەڕایەوە پترۆگرادو هەواڵی ڕووداوەکانی بە ڕابەران گەیاند ، دواى ئاگاداربوون ( کۆمیتەی بەرگری ) پترۆگراد لەپلەی خۆگری دەریاوانان و خراپی هەل ومەرجەکە ، سەرەتا ، دەستوری سوپایی لەسنوری پترۆگراد دراو کەتنە گردوکۆ ، دواى ئەوە بەیاننامەیەکیان لەبەرواری -4- ی مارس دژی دەریاوانان بڵاوکردەوە ، لەو بەیاننامەیەدا دەڵێن کەسەرانی ئەو ڕاپەڕینە هەموویان نۆکەرن و بەستراونەتەوەبە ژەنەراڵەکانی تزاری یەوە ، دواى ئەوە داوایانکرد کە دەریاوانان خۆیان بەدەستەوە بدەن ئەگینا ، وەکوکە بەشیان هەر گوللەیە*.

بەبڵاوبونەوەی بەیاننامەی سەرەوە ، دەریاوانان کەخۆیان بە بەرگریکەری سیستەمی شورایی لەقەڵەم دەدا ، ئەودەمە یان هەفتەی یەکەمی مانگی مارس ڕاپەڕینی خۆیان دژی دەوڵەت لەقەڵەم نەدا بەڵکو (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) دەستەیەکی -30- کەسی بۆ ڕونکردنەوی ڕاستی ڕووداوەکان و ڕاگەیاندنی داواکاریەکانیان ناردە پترۆگراد ئەودەستەیە هەر پێیان نایە ناوشار لەلایەن پۆلیسی سیاسیەوە دەستگیرکران*و هیچ هەواڵێک سەبارەت بەژیان و مردنیان نەبیسترایەوە ،

بەڕودانی تەواوی ئەو بگرەو بەردەیە _ترۆتسکی_ کەسەرپرشتیاری کۆمیساری شەڕ و بەرگری و بەرپرسیاری تەواوی سوپا لە سیبریا بوو ، دواى ئاگاداربونی لە ڕووداوی کرۆنشتاد بەپەلە هاتە پترۆگراد و بێ وەستان خۆی گەیاندە مۆسکۆ ، دواى ڕاوێژی لەگەڵ _لینین_، دووبارە لەبەرواری -4- یا -5-ی مارس گەڕایەوە پترۆگراد و ئەو بەیاننامەیەی خوارەوەی دەنوسی ،، لێرەدا پێویستە یەک خاڵ دەستنیشان بکەین ، ئەویش ئەگەرچی ترۆتسکی ئیمزاکەری بەیاننامەکەیە ، بەڵام بەڕەچاوکردنی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕاویژی ئەو لەگەڵ لینین ، ئەو بەیاننامەیە ڕای لینینیش دەگریتەوە ، بەهەرحاڵ بەیاننامەکە ئاوادەڵیت
-:

***ئـــاگـــــاداری***

***بۆ ئۆردوگاو خەڵکی کرۆنشتاد و ڕاپەریوانی قەڵای سوپایە !***

***دەوڵەتی کریکاران و جوتیاران . بڕیاری وایە کە کرۆنشتاد و هیزی دەریایی ڕاپەریو دەبێ دووبارە بەبێ دەنگ خۆیان بدەنەدەست یاسای کۆماری شوراکان ، لەبەرئەوە من فرمان دەدەم کەتەواوی ئەو کەسانەی دژی سەرزەمینی باوکی سۆشیالیستی هەستاون چەکەکانیان فڕێبدە نەزەوی ، ئەو کەسانەی بەرەنگاردەبنەوە دەبێ چەک بکرین و بدرینە دەستی دەسەڵاتداریەکانی شورا ، دەستبەجێ کۆمیسارەکان و نوینەرانی دیکەی دەوڵەت ئازاد بکەن ، تەنیا ئەوکەسانە بێ قەیدوشەرت خویان دەدەن بەدەستەوە لیبوردنی کۆماری شوراکان دەیانگریتەوە ، بە بڵاو بونەوەی ئەو ئاگادارییە ، فرمانی ئامادەکردنی کەرەستەی کۆتایی هینانی چەکدارانە بەو یاخی بوونە دەدەین .***

***تەواوی بەرپرسانی ئەو کارەساتانەی بەسەر خەڵکی شاردادیت ، لەملی یاخی بووەکانی گاردەسپییەکانە ، ئەوەش دوا ئاگاداریکردنەوەیە****

***لیون ترۆتسکی***
***5 مارسی 1921***

بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداریە ، بەشیکی نوێی لە دەفتەری خەباتی نیوان خەڵکی کرۆنشتادو دەوڵەت کردەوە . ئەم ئاگاداریە لەڕاستیدا ڕاگەیاندنی شەڕ بوو ،ئەوە دژی داواکاریەکانی کرۆنشتاد و ڕاویژیان و نییەت پاکی دەریاوانان بوو ، لەوەش گەرێ دوای ئەوەش لەلایەن _ زینۆفیف_ بە ( وابەستەو نۆکەر ) باسکران ، بۆناساندنی بیروڕاو بۆچونیان دەستەیەکیان ڕەوانەی پترۆگراد کرد ، بەهەرحاڵ (کۆمیتەی شۆڕگیری کاتی ) کرۆنشتاد دوای ئەوەی ئاگاداریەکەی ترۆتسکی پێ گەیشت ، ئەو بەیاننامەیەی خوارەوەی وەکو وەڵام بڵاوکردەوە :-

***نۆیەمین شەپۆلی شۆڕش+ لەگۆڕەپانی وولاتدا سەری بەرزکردۆتەوە ، دەبێ وەدەرتان بنیین بەتەواوی زۆردارایتان ، بەدگوییی و درۆهەڵبەستن و فەسادیتان ،هەروەها ئیوە جەنابی ترۆتسکی ، بەخشندەیتان جیگای ڕەزامەندی ئیمە نییە ****

---

***+ کاتی تۆفانی دەریا ، شەپۆلی نۆیەم ، گەورەترین و بەهیزترین شەپۆلە***

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هاوکات لەگەڵ ئاگاداریەکەی ترۆتسکی لەبەرواری -5-ی مارس ، بەیاننامەیەکی دیکە لەلایەن کۆمیتەی بەرگری پترۆگرادەوە ئامادەکرا و بە فڕۆکە لەسەر کرۆنشتاد فڕێدرا ، ناوەڕۆکی بەیانەکە ئاوا بوو :-

(لەماوەی -24- کاتژێری داهاتودا خۆتان بدەن بەدەستەوە یا وەکوتر بەگوللە دسپێردرێن )* .

دوای بڵاوبوونەوەی هەردوو بەیاننامەکەی ترۆتسکی و کۆمیتەی بەرگری پترۆگراد ، ( ئاماکدان و ئەلکساندر بێرکەن ) ، کە دووکەسی چالاکی ئەنارشیستەکان بوون ئەودەمە لە ڕوسیا بەسەریاندەبرد و بە لایەنگرانی شۆڕش دەژمێردران ، لەنامەیەکدا کە بۆ _زینۆفیف_ ناردیان ، تێیدا داوایانکردبوو کەدەستەیەکی -5- کەسی و دوو لەوانە ئەنارشیستبن بنێردرێنە کرۆنشتاد و لە کێشەیە بکۆڵنەوە*، هەڵبەتە _زینۆفیف_ وەڵامی ئەو نامەیەی نەدایەوە ،

بەڵام لەبەرواری -6-ی مارس لە تەلەگرامێکدا بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی پێشنیار کرابوو ، کەدەستەیەک لە حیزبی و بێلایەن ڕەوانەی کرۆنشتاد بکەن ، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی لە وەڵامدا ووتی ئەگەر بەچاودێری نوێنەرانی کەلەلایەن خەڵکی کرۆنشتادەوە چەند کەسێک لە پترۆگرادەوە هەڵبژردرێن ئێمە ڕازین*. بەهەرحاڵ بەدەست پێکردنی هێرش لە ڕۆژی دواتر ، واتا -7-ی مارس مەسەلەکە بە فەرامۆشی سپێردرا .

ئەگەر بەشێوەیەکی وورد و ڕێکوپێک سەرنج بدەینە پرۆسەی ڕووداوەکان لە نێوان -24-ی فێبریواری تا -6-ی مارس دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە ، ئارەزویەکی زۆر لەلایەن خەڵکی کرۆنشتاد سەبارەت بە ڕاوێژکردن دەربارەی داواکاریەکانیان هەبووە ، پوختەی ئەوداواکاریانەش دەتوانرێ لەناردنی ئەو دوو دەستەی نوێنەران بۆ پترۆگراد و چۆنێتی ڕازی بونیان بەتەلەگرامی _زینۆفیف_ بەدی بکرێ ، بەپێی ئەو بەڵگەنامە و شایەتیانەی کەهەن دیاردەکەوێت کە بەلشەفیکەکان نەک هەر نیازی ڕاوێژیان لەگەڵ دەریاوانادا نەبووە ، بەڵکو هەرئەوکاتەی چاویان بە بڕیارنامەی دەریاوانان کەوت مەبەستی سەرکوت و تارومارکردنیان بەخەیاڵداهات ، بەهەمان شێوە و بەئاسانی ئەو مەسەلەیە لەبەیاننامەکانی _زینۆفیف_ لەبەرواری -2- و -5- ی مارس و هەروەها ترۆتسکی لەبەرواری -5- ی مارس دەبینرێ .

هەرچۆنێکبێت بەلشەفیکەکان هەستیان بەجۆرە ترسێکردبوو بۆئەوی ڕێگا لەبڵاوکردنەوەی یا هاوکاری خەڵکی تریش بگرن ، ئامادەبوون بە توندوتیژییەکی بێ هاوتا هاواری ڕاستی خەڵکی کرۆنشتاد لەقوڕگدا خەفەبکەن .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# سەرەتای هێرش

ترۆتسکی لەئاگادارییەکەیدا لە-5-ی مارسدا گوتبووی کە مۆڵەتی _24_ کاژێر ( کەلەڕۆژی دوایدا _24_ کاژێری تری لێ زیادکرا ) ، لەو ماوەیەدا چالاکی ئامادەکردنی کرەستەو ڕێکخستنی هێرش دەستی پێکرد .

هەرچەندە لەڕاستیدا دەستی پێکردبوو ، فەرماندەی ئۆردوگای پترۆگراد " توخاچۆفسکی " بە بەرپرسیاری سەرکوتکردنی کرۆنشتاد هەڵبژێردرابوو ، کەیەکێک بو لە ژەنەراڵە کانی تزاری و لەدوایدا تۆبەی کردوو خۆی گەیاندە بەلشەفیکەکان و یەکێک بو لەئازاترین ئەفسەرەکانی سوپای تزار ، بەجۆرێ تەمەنی -27- ساڵ بوو گەیشتە پلەی ژەنەراڵی ، هەروەها ڕۆڵێکی چالاکانەی لەڕۆژانی شەڕی ناوخۆو سەرکوتکردنی هاوکارانی ڕابردوی خۆی بینی*،

سەرئەنجام ئاگاداری _48_ کاتژێری ترۆتسکی کۆتایی هات بەخشندەیی ترۆتسکی بەر دەریاوانان نەکەوت ، دەوڵەت بە -10000- کەس لە هێزەکانی خۆی کرۆنشتادی گەمارۆدا*، لە دووبەرەوە هێزەکانی خۆی دامەزراند لەکۆتایدا لەبەرواری _7_ی مارس ، لەکاتژمێری حەوت چارەکێک کەم هێرشێکی بەرفراوان لەبەرەی باکورەوە دژی دەریاوانان کەژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی "45,6" 15000کەس*، دەستی پێکرد دوابەدوای ئەوان فڕۆکەکانی سوپای سور دەستیان بەسوڕانەوە بەسەر شاری کرۆنشتادا کردو بۆمب بارانی شوێنەکانی دانیشتوان و دوایش سوپاییەکانی کرد*، لەبەر نزیکی کرۆنشتاد لە پترۆگرادەوە دەنگی بۆمب بارنی شار لەوێوە دەگەیشتە گوێ ،بەشێوەیەک بێرکمان لەدەفتەری یاداشتەکانیدا دەنوسێ :- ڕۆژان شێلک پەی دەرپەی تۆپ ، ڕۆژانی دەرد ، دڵم لەبێ هیوای و ڕەشبینی هەستی تێدانەماوە شتێ لەدەرونی مندا مرد ، خەڵکی لەجادەکان بەخەم ، گێژو دڵتەزیو دەهاتنە بەرچاو هیچ کەس متمانە بەقسەوباس تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا نییە ، شریق و هوڕی شێلکە تەقینی چەک ئاسمان شەق دەکات ...*

دوابەدوای بۆمب بارانکردنی کرۆنشتاد بەفڕۆکەی سوپای سور ، ڕۆژی دواتر واتا _8_ مارس هێزەکانی زەوی لە سنورە جۆر بەجۆرەکان بۆ داگیرکردنی بەندەری کرۆنشتاد کشان ، بەڵام لەوێ بەهۆی ڕۆشتنیان لەسەر سەهۆڵ توانای خۆپەنادانیان نەبوو وە نەشیان دەوویست سەهۆڵ بشکێنن ، هەروەها نەشیان دەتوانی سوود لە هێزی تۆپی پشتیوان وەربگرن لەلایەن بەرگریکەرانی کرۆنشتادەوە بەخەستی کەوتنە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەر هێرش ، بەسەدان کەس گیانی لەدەستدا ، بەبێ ئەوەی بتوانن نزیکی سەنگەرەکانی کرۆنشتادیش ببنەوە*،

ئەوشکانە بەتەواوی لەگەڵ بۆچونی دەوڵت ناکۆک بوو ، ئەوان چاوەڕوان بوون کە بەیەکەمین هێرش دەریاوانان خۆیان بدەنە دەست یا تەواو شکستیان پێ بخۆن ، ناوەڕکی ئەو بۆچونەش بەسادەی لە ووتاری – لینین– بۆکۆنگرەی نۆیەمی حیزب لە بەرواری _8_ ی مارس دەتوانرێ ببینرێ ، کەبەم شێوەیە درکانی :– من هێشتا دوا هەواڵم سەبارەت بەکرۆنشتاد پێ نەگەیشتووە ، بەڵام گومانم لەوەدانیە ، کە ئەو ڕاپەڕینە ژەنەراڵەکانی گاردی سپی لەپشتن ئەگەرنا لە ماوەی چەند کاتژمێری دیکە لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو تاروماردەکرێ*.

لەهەر ڕوویەکەوە دوای شکانی پیسی سوپای سور لە _8_ ی مارس ، خۆهەڵکێشانەکانی پوچەڵ بونەوە ، – کامینۆف– لە _9_ ی مارس ، لەووتاری خۆی بۆ کۆنگرەی نۆیەم ئاوها دەڵێ :– هەل ومەرجی سوپای کرۆنشتاد ، زیاترە لەوە کە هەرکەس بیری لێدەکردەوە ، درێژە دەکێشێ ، بە ئەنجام گەیاندنی تارومارکردنی ڕاپەڕین لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو ناتوانرێ جێ بەجێ بکرێت* ،

دوابەدوای کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان کەلەبنچینەدا ئارەزوی سەرکوتکردنیان لەدەروندا نەبوو ، دوای ڕوداوی _8_ ی مارس هەندێ لەستونەکانی سوپا لە دووبارە هاوبەشی سەرکوتکردن لادەدا ، داواینکرد کەدەستەیەک بنێرێنە کرۆنشتاد تا لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی دەربارەی داواکاریەکانیان قسەبکەن ، تابگرە هەندێ لە سەربازانی کەنێردرابوونە سەر کرۆنشتاد دەستیان بەنامە گۆڕینەوکرد*.

توندی نارەزایەی گەیشتبووە ڕادەیەک کە – تۆخاچۆفسکی– داوای لە ترۆتسکی کرد تا دەست بەرێکخستنەوەی دووبارەی هێزە کان بکەنەوە هەندێکیان پاکتاوکردن و تابگرە چەندەها کەس بەبیانوی سەرپێچی و دەستورەکانی سوپا لە سێدارە دران .

ئەوتاکتیکەی کە ترۆتسکی بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی سوپا گرتیەبەر شتێکی سەرنج ڕاکێشە ، ژمارەیەکی زۆری لەسەربازانی سەر بەبەشی ئاسیا بۆ بنکەکان گواستەوە ، ئەو سەربازانە بەشێوەیەکی ئاسای پلەی هۆشیاریان زۆر نزم بوو ، دووهەمیش بەتەواوی لەڕوداوەکەبێ ئاگابوون و بۆسەرکوتکردن و کوشتار باشتر و بەتواناتربوون ، ئەو شتانەشی سەبارەت بەمەسەلەی دەریاوانان بەوان وترابوو ، هەر هەمووی درۆ بوو .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تاكتیكی دیكەی كە تۆخاجۆفسكی و ترۆتسكی گرتبویانەبەر ،گواستنەوەی بۆمب بای كیمیاوی بوو لە ئۆردوگای پترۆگراد بۆ بەرەكانی شەڕ* ، هەتا ئەگەر گواستنەوەی ئەو بۆمب بایانە بۆ بەكارهێنانیش نەبوو ، كـــــەبـــــۆ ، مەبەستی ترساندنی دانیشتوانی كرۆنشتاد بوو ، ئەوەش شێوەیەكی تری پێشێلكردن بوو لە پرۆسەی دووبارە ڕێكخستنەوەی سوپا بۆ هێرشی نوێ ،

دەوڵەت دووبارە سوودی لە هێزی ئاسمان بۆ بۆمب بارانی كرۆنشتاد وەرگرتەوە ، هەڵبەتە دەریاوانان بەخستنە خوارەوەی یەك لەو فڕۆكانە لە ڕۆژی _12_ ی مارس وەڵامێكی ، ددان شكێنی ڕەقی دەوڵەتیان دایەوە *، لەوكاتەی كرۆنشتاد كەوتبووە نێو گەمارۆی تەواوی هێزی سوپایی تووانای وەدەست هێنانی كەرەستەی بژێوی نەبوو ، ئەو خۆراكەی كەخەڵكی هەیان بوو بە خێرایی ڕوو لەكەم بوون بوو ، هەر لەڕۆژی یەكەمی دەرگیریدا خەڵكی بەرنامەیەكیان بۆ خواردن دانابوو ، ئەوەی كەلەبەردەستدا هەیە تەنیا چەند خۆراكێكی قوتوو بوو ،

بێ خۆراكی و كەمی كەرەسەی سوتان و بێ خەوی و نەبوونی جل وبەرگ و پێڵاوی زستانە ، كەمی هێز بەبەراورد لەگەڵ سوپای سور ، هەموو شتێ دەست لەدەست پێكەوە لە توانای سوپای دەریاوانانی كەم كردبووە وە *، سەرئەنجام ، سوپای نوێ ڕێكخرایەوە ، سەرەتاكانی هێرشی نوێ ئامادەكراو -50- هەزار كەس لەو هێرشەدا لەلایەن سوپای سورەوە هاوبەشی كرد*، بەرامبەر -15- هەزار كەسی كرۆنشتاد ،

لە كاتژمێر _2_ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی _16_ی مارس ، هێزەكانی زەوی و فڕۆكە ، هێرشی ڕێكوپێكیان دەست پێكرد ، دوای كوژران و بریندرابونی ژمارەیەكی زۆر لەسەربازان ، گەیشتنە شار ، خەڵكی كرۆنشتاد ژن و پیاو شەقام شەقام ، خانوو بە خانوو بەدڵ وبە گیان بەرگرییان لە ئابڕوی خۆیان دەكرد ، لە ئەنجامدا توانای بەرگرییان لە دەستدا و لە كاتژمێری _3_ی ڕۆژی _17_ی مارس قەڵای پتەوی كرۆنشتاد گیرا*، هێزەكانی سوپا تەواوی شوێنەكانە ستراتیژییەكانی شاریان خستە ژێر كۆنترۆڵی خۆیان .

## هەڵكردنی ئاڵای بەلشەفیكەكان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین لە بارودۆخی خەڵکی ، بەتایبەتی دەریاوانان دوای داگیرکردنی شار لەلایەن هێزەکانی دەوڵەت بکۆڵینەوە .

دوای ئەوەی هێزەکانی دەوڵەت هاتنە ناو شار و شوێنە گرنگەکانی شاریان لە ڕۆژی _17_ی مارس دا داگیرکرد ، بنکەی حیزب لەشار نامەیەکی بەبۆنەی شکستخواردنی ڕاپەڕینی کرۆنشتاد بۆ " کۆمیتەی بەرگری پترۆگراد " نارد ، دوای ئەوە ڕۆژی دووهەم واتا _18_ی مارس قەڵاو هێزەکانی دەریاش کوتنە ژێر دەستی دەوڵەت*،

هەڵبەتە بەشێوەیەکی کەم تازۆر لەهەندێ شوێنی شار ، خەڵکی خۆیان نەدایە دەست و بەرگری بەرگری مێژوویی خۆیان دژی دەوڵەت هەر دەکرد ، بەڵام لەبەر تەنگانەی لەئەندازەبەدەر یا دەکوژران یا دەستگیردەکران یان خۆیان دەدایە دەست ، لەڕاستیدا ئەگەرچی شکستەکە لە ڕۆژی _15_ی مارس بوو ، بەڵام تا ڕۆژی _21_ی مارس هێزەکانی دەوڵەتی نەیان توانی دەسەڵاتی خۆیان لەتەواوی گۆشەکانی شار بچەسپێنن ،

بەگشتی لەو شەڕە نا بەرابەرەدا زیانێکی زۆر لە هێزەکانی دەوڵەت کەوت ، بەپێی ئاماری ڕەسمی دەوڵەت نزیکەی -700- کەس گیانیان لە دەستداو -2500- کەسیش بریندار بوون ، هەڵبەتە لەبەر گەرمی شەڕ ناتوانرێ ژمارەکان بە ووردی بێت بەجۆرێ کەیەکێک لە بەشدارانی شەڕ ، ژمارەی کوژراو بریندار پێکەوە بەنزیکەی -25- هەزار کەس مەزەندە دەکات ، ڕەنگە ئەوەش هاویشتنەسەری تێدابێت ، نزیکترین ژمارە بەڕاستی دەتوانرێ لە لایەن " کۆنسوڵی ئەمەریکا " لەروسیا بزانرێ ئەو ، ژمارەی برینداران و کوژراوان بەگشتی بەنزیکەی -10- هەزار کەس دادەنێ ،

لە بابەت ژیانی خەڵکی کرۆنشتاد ئامارێکی وورد لەدەستدانیە ژمارەی متمانە پێکراویش تائێستا نادیارە ، بەپێی چەند ڕونکردنەوەیەک ، نزیکەی هەزارکەس برینداروو -600- کەسیش گیانیان لەدەستداوە* ، لەهەر ڕوویەکەوە ژمارەی زیانی هەردوولا بە ئەندازەیەک زۆر بووە کە دوای کۆتایی شەڕ دەوڵەتی فینلاندی داوای لە مۆسکۆ کرد کە لاشەی کوژراوەکان لە کەنداوی فینلاندی کۆبکەنەوە ، لەبەرئەوەی ترسی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی ترسناکی لێدەکرێ*،

دوای سەرکەوتنی هێزەکانی دەوڵەت بەسەر خەڵکی کرۆنشتاد بەتایبەتی دەریاوانان ، نزیکەی -8- هەزارکەس بە _2500_ بەچەکەوە هەڵهاتن و چونە ناو خاکی فینلاندا ، لەناو ئەواندا ( کەسانی ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی بوون ) ، دەوڵەتی فینلاندە هەڵها تووەکانی لە ئۆردوگای

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پەنابەران دانا ، هەندێک لەوانە توانیان کارێک هەڵبژێرن بەڵام زۆرترین هەڵهاتووەکان بەیارمەتی (( خاچی سوری )) ئەمەریکاو بەریتانیا دەژیان ، دواى ماوەیەک دەوڵەتی روسیا ، داوای گەڕانەوی هەڵهاتووەکانی کردەوە و وای ڕاگەیاند کە بەگەڕانەوەیان بۆ روسیا لێیان دەبوردرێت ، دوای هەواڵی ئەو ڕاگەیاندنە زۆر لە هەڵهاتووەکان گەڕانەوە روسیا ، بەڵام نەک تەنیا لێبوردن نەیگرتنەوە بەڵکو دەستگیرکران و ڕەوانەی ئۆردوگای بەخورتی " زۆرە ملێ " کران* ،

دوای ئەوەی ڕۆژنامەی ( کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) لە بڵاوبوونەوە وەستا ، ڕۆژنامەیەکی نوێ لە ژێر ناوی (( کرۆنشتادی سور )) بڵاوکرایەوە هەروەها ناوی هەر دوو ستونی هێزی دەریایی {مارات } و { کۆمۆنەی پاریس } کۆردران ، مەیدانی ( لەنگەریش ) کرایە ( مەیدانی شۆڕش ) ، کاتێ کەگفتوگۆ لە کۆمۆنەی پاریس کرا پەنجە بۆشتێ ڕاکێشان سەبارەت بەم بابەتە بێ سوود نابێ ، لە بەرواری _18_ی مارس لە پترۆگراد ئاهەنگی سەرکەوتنی ئەو ڕووداوە گێڕدرا و ڕۆژنامەی پترۆگرادیش ووتارێکی بەناونیشانی گەورە بۆ ئەم مەسەلەیە نووسی، هەر لەم بارەیەوە " بیرکمان " لە دەفتەری یاداشتەکانیدا ئاوا دەنوسێ : -

سەرکەوتووەکان ، بۆ پیرۆزکردنی سەری ساڵی کۆمۆنەی _1871_ ئاهەنگ دەگێڕن ، ترۆتسکی و زینوفیف ، " تیرز" و "کالفین " ، لەبەر کوشتاری شۆڕشگێڕانی پاریس ، تاوان باردەکەن *،

# نم دار چۆن نم دەگێڕێتەوە

لەبارەی دەستگیراوە کانیش دوای داگیرکردنی  شار ، هێزەکانی دەوڵەت نزیکەی _2_ هەزار کەسیان گرت ، لە نێو ئەوانەدا ناوی _13_ کەسیان بەرێبەرانی ڕاپەڕین بەدرۆ ڕاگەیاند ، ئەوانەش بریتی بوون لە _5 _ ئەفسەری کۆنی سەردەمی تزار ، یەک قەشەو _7_ لادێیی ، دەوڵەت مەبەستی لەڕاگەیاندنی ناوی ئەو کەسانە ، زەمینە خۆشکردن بوو بۆ چەسپاندنی مۆری دژەشۆڕش بەنێوچەوانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی کرۆنشتاد ، بەهەرحاڵ لەڕۆژی _20_ی مارس ئەو -13- کەسە لەسێدارەدران ، لە نێو دەستگیرکراوەکانی تریشدا چەند کەسێ بە یەکجار پێکەوە لەسێدارە دران ، ئەوانەشی مانەوە یا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕەوانەی بەندیخانەی  پترۆگراد کران و دەستە دەستەی بچوکیان لەسێدارە دەدران ، یـــا ڕەوانەی " ئۆردوگای کاری بەخورتی " کران ئەوانەش لەهەر ڕوویەکەوە دووچاری مەرگێکی لەسەر خۆ بوون*،

ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە ، هیچ یەکێک  لەوانەی  کەلەسێدارە دران ، چ ئەوانەی بەڕەسمی لەسێدارەدران یـــا بەدزی و تا بگرە دەستگیراوەکانیش  هیچ کاتێک نەدرانە دادگـــــــا ‘‘‘

*خەڵکی هۆشیار لەجێی خەڵکی تر بڕیاریان دەدا* ....... لیینین و پیاوانی ، نێونەتەوەیی یەکەم و دووش ، تائەگاتە چوارەم ، بەواتایەکی تر ، شۆڕەسوارانی  ، ئازادی ، یەکسانی ، دادپەروەری ، دابینکردنی ئاسایشت ، ... دوای کورتەی ووتن ... داس و چەکوش  ، لەسەر ئاڵای ،، ڕزگارکردنی کار بە واتای لەناوبردنی ((کار )) ، ! چونکە کا ر هەر یەک مانای هەیە لەوکاتەوەی چەوساندنەوە هاتە ئاراوە ، واتای بەرێخستنی کویلایتی مرۆڤەکان لەکۆمەڵگادا بوو ، بۆ بوون ، بەکاڵاو تاکی هاونیشتمانی ، دادپەروەران و ئازادی خوازان و یەکسان پەرستی ، داد پەروەر  ... ، ئەمەش  ڕێکەوت نەبووە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ،کار ، کاری کۆمەڵایتی ، بووە و، بوشە بە دیاریکەری هەموو بەهایەک ، بەهەموو ناوە بازاڕیەکانییەوە ، هەربۆیەش ، بەپێی ، هەموو زاراوەکان  .....،،، کـــــــــــار ،،،.....ئامرازی ئەشکەنجەدانە و پێویستە لەسەر مرۆڤەکان لەناوی ببەن بەکۆمەڵگاکەشییەوە ، کە کۆمەڵگای کارە بۆ هێشتنەوەی  کویلایەتی  ، کە ، هەرکارە ،نەک،،، هەڵکشانی مرۆڤ بۆ کۆمۆنیزمی داهاتوو ، کەخۆی خۆیەتیی سروشتیش ژیانیەتی  کە هیچ هێزێک  لەدەرەوەی ئەم پێوندیە یە  ، میتافیزیایەک کۆیلە بونمان نەبێ ، هەر بۆیەش ، شەڕەکەمان  لە ئاسمان هێنایەسەر زەوی  و ووتمان :– بە کردەوە لە سەر زەوی هەبوونێک هەیە ، پێی دەوترێت ڕەتکردنەوەی میتافیزیا ، بەمانا وورد کراوە کۆمەڵایەتیەکەی گێژ کردن و گێلکردن و پێڕابواردن و بێقیمەتیکردن بە مرۆڤەکان لە پێناوی تاجی سەرتانا .

## بەرنامەی دەریاوانان و ( بەرپا کردنی شۆڕش )

لەم بەشەدا دەمانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە سەبارەت بە بەرنامە و داواکاریەکانی دەریاوانان بە شێوەیەکی گشتی و بزووتنەوەی کرۆنشتاد لە ڕوویەکی دیکەوە بکەین ، چاوێکیش بەتێکۆشانی ئەوان بۆ فراوان کردنی ڕاپەڕینەکەیان و دروستکردنی بزوتنەوەی تری کرێکاران و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زەحمەتکێشاندا بخشێنین ، هەربەو جۆرەی کە لەووبەر قامەکمان لە سەردا بڕیارنامەی دەریاوانان لە کۆبوونەوەی _ 1 _ ی مارس لەلایەن تەواوی خەڵکی شار پەسەندکرا ، بەو هۆیەش دەتوانرێت بڕیار نامەکە بە بەرنامەی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەو ڕاپەڕینە بدرێتە قەڵەم ، لەناو هەر _ 15 _ داواکاریەکانی ڕاپەڕینی کرۆنشتاد ، ئیمە دەتوانین خاڵە گرنگەکانی دەربهێنین ، بۆ نموونە ، داواکاری _ 14 _ سەبارەت بە کۆنترۆڵی کرێکاری ئەوە لە ڕاستی دا بەردەوامی داواکارییەک بوو کە کرێکارانی ڕووسیا لە – 1917 – بە دواوە لە سەر جێبەجێکردنی سوور بوون ،

بەڵام ئەوەی جێگای ڕاوێژ و کلیلی هەرە گرنگی داواکارییەکان بوو خاڵی _ 11 _ بوو ، لەم خاڵەدا ، داوایان دەکرد کە کۆنترۆڵی تەواو لەسەر زەوی جوتیاران دابنرێت ، بە لە بەرچاو گرتنی _ 1 _ مەرج ئەویش بۆ سوود وەرگرتن لە زەوی کەسێکی تر بە خزمەتکار نەگرن ، ڕەنگە هەنێک کەس پێیان وابێت کە ئەم داواکارییە سۆشیالیستی نەبوو ، وەهەر ئەوەیە کە کشتوکاڵ بە شێوەی هەرەوەزی بێت ، ئەوە هەڵەیە ، بەڵکو خاڵی گرنگ لێرەدایە ، کە ئایا ئێمە دروشم و ڕاوێژە مارکسیستەکان تەنها لە چوارچێوەی " تیۆری " لێکوڵینەوەیان نە بە پلەی یەکەم لە سەر هەل و مەرجی دیاریکراو و تایبەتییەکان و ئەو دەوروبەرە دەکوڵنەوە و تێدەکۆشت سیاسەتێکی ڕاستی زانستیانە " مارکسیستی " پیادە بکەن ، لە هەل و مەرجی ڕووسیا دا ،

سیاسەتی تەواو هەڵەی بەلشەفیکەکان سەبارەت بە مەسەلەی کشتوکاڵ و جوتیار بوو ، نەک تەنیا توانای دابینکردنی پێویستیەکانی خەڵکیان نەبوو ، بەڵکو ڕێژەی بەرهەمی کشتوکاڵی لەکەمیدا " دابەزی " ، ئەگەر کارەکە بەشێوەیەکی تر کرابا ، تابگرە بەشێوەی تاکتیکیش بوایە ، سودگری تەواو بە جوتیاران بسپێردرا بووایە ئایا ڕێژەی بەرهەم هێنان لەسەدا زیادی نەدەکرد "بەرزنە دەبونەوە " لەلایەکی ترەوە ، مەگەر دابەشکردنی زەوی و کۆنترۆڵی زەوی بە دەستی جوتیاران دروشمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوو ، ئایا ئەو کاتەش هەر هەڵە بوو بەقسەی " ئیدامین " چۆن دەبێت ئەو داواکارییە ، بە داوایەکی دژە شۆڕش لە قەڵەم بدرێت ، یان کاتێ خستنەڕووی لەلایەن لینین شۆڕشگێڕانەیە ؟ *

ئەو مەسەلەیەی کە جێگەی لێکوڵینەوەیەکی تەواوە ، خاڵی _ 9 _ یە لەم داوایەدا دەریاوانان داواکاری وەدیهێنانی یەکسانی بوو ،بۆ هەموو کرێکاران ، ئەم داواکارییە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕەنگە شایەنی لێکوڵینەوە نەبێت ، بەڵام لێکوڵینەوەکە لەبەر ئەوەیە ، لە ساڵی -1938- یانی دوای حەڤدە ساڵ ترۆتسکی دەڵێت :-

* دەریاوانان داواکاری مافی ڕەوای خۆیان بوون

**ئەگەر ئەو مەسەلەیە لە ساڵی -1917- دا دەهاتەپێش ، ڕەنگە خستنەڕووی ئەو جۆرە ڕایە وای لێبکردبان کە بەدوای بەڵگەدا بگەڕێن بۆ سەرکوت کردنی یا بە لای کەمی بە دوورخستنەوەی ، بەڵام دوای حەڤدە ساڵ ئەو دەربڕینە تەنها دەتوانرێت دەربڕی " بۆچونی کەسێکی وەک ترۆتسکی بێت " .**

**یەکێکی دیکە لە داواکاریەکانی دەریاوانان ، دروستکردنی شورای ڕاستی بوو ، لە ڕاستیدا ئە دروشمە چەقی خەباتیان بوو ، ئەو خاڵە نەک تەنها لە بڕیارنامەی _1_ ی مارس هاتبوو ، بەڵکو هەمیشە قامکیان بۆ ڕادەکێشا ، بۆ نموونە لە وتاری ڕادیۆیی هێزی دەریایی " پترۆپاڤلوسک " لە بەرواری _2_ ی مارس ئاوها بڵاوکرایەوە :- *" ئێمە بۆ دەسەڵاتی شوراکان نەک حەرب هاتینە مەیدان ، بۆ هەڵبژاردنی بە ئازادی نوێنەرانی زەحمەتکێشانی شوراکانی کە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستەوە داگیرکراون ، هەمیشە گوێیان بۆ بیستنی داواکاری و نیازەکانی ئێمە کەڕبووە ، تەنها وەڵامێک کە لەوانمان وەرگرتووە شڵیکەی گوللە بووە "*****

**دروشمی {دەسەڵات بۆ شوراکان نەک بۆ حزبەکان } دروشمێکی بەرجەستە بوو لە خەباتی دەریاوانان وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشایەوە ، ئەو دروشمە دەربڕی میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی ووڵات بوو ، کە ئەوان بە هاوڕێکی لەگەڵ ئەوەدا ڕاپەڕینی مێژووی خۆیان بەرپاکرد ، بە پێچەوانەی هەندێ مێژوونوسی ڕووسی یا تابگرە ڕۆژئاواییش ، پێیان وایە کە دروشمی { شوراکان بەبێ کۆمۆنیستەکان } هیچ کاتێک لەلایەن ڕاپەڕینی کرۆنشتادەوە داوا نەکراوە ، بەلای کەمی { بەڵگەنامەکان وادەڵێن } .**

**دەریاوانانی کرۆنشتاد ، لەبەرئەوەی بزووتنەوەیەکان بۆ بەرگری لە کرێکاران و خەڵکی پترۆگراد دەستی پێکردبوو ، هیوایەکی باشیان بە خەباتی کرێکارانەوە بوو ، هەر سەبارەت بەوەش لە _9_ هەزار بڵاوکراوەی ڕوونکردنەوەیان لەڕێی پەیامنێری خۆیانەوە ڕەوانەی پترۆگراد کرد ، کەچی هاوڕێیەک لە گەڵ هەستانی ڕاپەڕینیان بەرەو ڕووی کزی دواییش خامۆشی نارەزایی ، خۆپیشاندان و مانگرتنی خەڵکی بوون ، هەڵبەتە لەگەڵ بوونی ئەو کزیەش دا ، هیوای باشیان بە پاگیری دووبارەی خەبات هەبوو ،**

**لەبەرئەوە دەبینین لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەست لە کرۆنشتاد بە پێچەوانەی ڕاسپێری ڕاوێژکاری سوپایی ، جووڵانەوە ، ( کەپێشنیاریان دەکرد بۆ پارێزگاری لە پێگای شار دەبێ بە بۆمب با سەهۆڵی دەوروبەری شار بشکێنن ، ئەوەش لە دوو ڕووەوە هۆ بوو : -1 ڕێگاکەیان بۆ گواستنەوەی لەشکری دەوڵەت لە پترۆگرادەوە بۆ کرۆنشتاد نەبوو . ، -2 هەردوو ستونی هێزی دەریایی لە پراکتیک دا نە تەنها بەرچاوی یەکتریان گرتـــــبوو ،**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەڵکو توانی شەڕ و ئاگریان لە بەرنزیکی یەکتر لەدەست دابوو ) ، لەڕاستیدا سیاسەتی چاوەڕوانییان گرتبووەبەر ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکە هیوایان بە خەباتی شاری تر هەبوو ، بە تایبەتی پترۆگراد و مۆسکۆ .

بەهەرحاڵ لە _3_ی مارس دا ، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی خۆیان لە مەڕ بڕیار نامەی _1_ ی مارس بۆ ئۆردووی ئاسمانی " ئاڤرانین بووم " ناردبوو ، دەستەیەکی نیزەکەی -250- کەسیان ناردە ئەو ناوچەیە ، بەڵام دەریاوانان هەرلە دوورەوە کەوتنە بەر ڕێژنەی گوللە .*

باشە ، مەسەلەکە بەچی گەی ؟ دوابەدوای گەیشتنی نامەی دەریاوانان ئەندامانی " ئۆردووی ئاسمانی هێزی دەریایی لە " ئاڤرانین بووم " لەکۆبوونەوەیەکی گشتیدا ، بە هاوبەشی هەموو سەربازان ڕاگیرییان لەسەر بڕیار نامەی دەریاوانان کرد و پەسەندیان کرد ، هەروەکو کرۆنشتاد یەک ( کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) یان لە نێوخۆیاندا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار هەڵبژارد ، دوابەدوای ئەوە هەواڵی ئۆردووی ئاسمانی گەیشتە زینۆڤیف یەکسەر دەستی بەچەکدارکردنی بەلشەفیکەکان کرد ، چەکی زۆر و جل وبەرگی گەرمی زستانی و خۆراکی بۆ ڕەوانەکردن دوای ئەو کارە ، لە کاتژمێر _5_ەوە بە درێژایی ڕۆژی _3_ی مارس لە شکری دەوڵەت بۆ گەمارۆدان و سەرکوتکردنی ئۆردووی ئاسمانی " ئاڤرانین بووم " نارد ، دوا بەدوای گەمارۆدانی بە چەند کاتژمێرێک ، تەواوی ئەوانەی ڕایان بۆ پەسەند کردنی بڕیارنامەی دەریاوانان دابوو دەستگیرکران و دوای لێکۆڵینەوەیەکی چەند کاتژمێری _45_ کەسیان لە سێدارە دران ، سەرۆکی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) ش لە سێدارەدراوەکاندا بوو ،*

دوا بەدوای شکانی ئۆردووی ئاسمانی " ئاڤرانین بووم " ، یەکێک لە هیواکانی بووە بڵقی سەر ئاو ، پاش ئەو ڕووداوە لەبەرئەوەی هێشتا هیوایەکی زۆریان بە پترۆگراد مابوو ، هەستان بە پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوان دەربارەی داواکارییەکانی خۆیان ، بەم بۆنەیەوە لە بەرواری _8_ ی مارس دا لەگەڵ ناساندنی ڕاپەڕینی خۆیان وەک بەردەوامی شۆڕشەکانی فێبرووەری و ئۆکتۆبەر بووە دەستپێکەری شۆڕشی سێهەم ، داوایان لە تەواوی زەحمەتکێشانی سەرتاسەری ڕووسیا کرد کە هاوکاری و یەکێتی خەبات بین لەگەڵیاندا ، لە بابەت ڕوونکردنەوەی ڕاپەڕینەکەشیان دەڵێن :-

لێرە ، لە کرۆنشتاد ، یەکەمین بەردی بناغەی شۆڕشی سێهەم دانراوە ، بۆ دوایین زنجیرەی دەسەڵات بۆ جەماوەری کرێکاران گڕ خۆشدەکەین ڕێگایەکی نوێ بۆ خوڵقاندنی سۆشیالیتی .*

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شتێکی تر کە دەریاوانان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەکەیان دڵیان پێوەی بوو ، جووتیاران بوون ، بەشێوەیەک کە بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی خۆیاندا ئاوا دەنووسن :-

جووتیارێک کە بە کۆنگرەی هەشتەمی شوراکانی ووت ، هەموو شتێک زۆر باشە ، زەوی هی ئێمەیە بەڵام دانەوێڵە هی ئێوەیە ، ئاو هی ئێمەیە ، بەڵام ماسی بەشی ئێوەیە ، جەنگەڵ هی ئێمەیە بەڵام دارەکانی بۆ ئێوە .... ڕاستی دەووت*

لەهەر ڕوویەکەوە ئەگەر لە چالاکیەکانی دەریاوانان دەربارەی فراوانکردنی بەرەکانی شەڕیان دژبە بەلشەفیکەکان بکۆڵینەوە ، دەتوانین بگەینە ئەو سەرئەنجامە ، ئەویش بازنەی چەقیوی ڕاپەڕینەکە بوو ، ئەوەی کە دەبووایە چیان بکردایە ، ئەوە مەسەلەیەکی جیبیایە .

# ڕۆڵی سپییەکان

دەوڵەت ، سەرەڕای ئەوە ، هاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ سەرکوتکردن بە تەواوی توانایەوە خەریکی پڕوپاگەندە دژی بزووتنەوەی کرۆنشتاد بوو ، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت مەسەلەی خەباتی جەماوەر داپۆشێ و زەمینەی گونجاو بۆ ئاڕاستەی سەرکوتکەران لە مێشکی خەڵکدا دروست بکات ،

ڕاستی ئەو پڕوپاگەندەیە گوایە ، یەکەم :- ئەو بزووتنەوەیە لە ژێر کاریگەری " ئیس ، ئاڕ " ەکان، مەنشەفیکەکان و ئەناشیستەکان دایە ، دووهەم :- ئەوە بەهۆی جەنەڕاڵەکانی تزاری بە یارمەتی سپییە کۆچکردووەکان لە ووڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەڕەنسا و بەریتانیا پشتیوانی دەکرێ و ئامانجی دەریاوانانیش جگە لەهێنانەوەی دووبارە دەسەڵاتی میری تزاری بەولاوە هیچی تر نییە .

یەکەمین هەنگاوی ئەو ڕەفتارەش لە بەرواری _2_ی مارس کەوتەکار ، " شورای کار و بەرگری " بەیاننامەیەکی سەبارەت بە بڕیارنامەی کرۆنشتاد ( بەڵگەی لە 100٪ ئێس ئاڕەکانە و هەروەها جەنەراڵ " کۆسلۆڤسکی " سەرۆکی گشتی ڕاپەڕینەکەیە و دەبێت لە پل و پایەی دابەزێنرێت )* ، ژەنەراڵ " کۆسلۆڤسکی " یەکێک لە ئەفسەرە بەرزەکانی تزار بوو ، لەلایەن بەلشەفیکەکان لە ژێرناوی " پسپۆڕی سوپایی " هاتە ناو سوپای سور و ، بە " سەرۆکی تۆپ خانەی کرۆنشتاد " هەڵبژێرا ، لەبەر خزمەتی باش و بە وەفایی لە _20_ی ئۆکتۆبەری ساڵی -1920- دا لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەلتیک " ڕاسکۆلینیکۆڤ " کاتژمێرێکی خەڵاتکرا * . بەهەرحاڵ دوای ئەوەی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ) دەسەڵاتی گرتە دەست ، ئەو هیچ ڕۆڵێکی لە کاروباری سەرۆکایەتی بزووتنەوەدا نەبینی ، هاوبەشی ئەو لە ڕاستیدا زۆر کەمبوو ، تەنانەت لەوەش کەمتربوو کە ناوی ببەیت،

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جا چی بیکاتە سەرۆکایەتی .

لەپێشدا باسمانکرد کە دەوڵەت پڕوپاگەندەی کردوە گوایە بزووتنەوەی دەریاوانان لەلایەن ژەنەراڵەکانی تزاری و دەوڵتە بێگانەکانەوە پاڵپشتی و ئاڕاستە دەکرێت ، و لەبنچینەدا ، جەماوەر نەک لەبەر نارِەزایی هەل و مەرجی دەورو دەرەوەی دەسەڵاتداریەتی راپەڕیبوو ، بەڵکو لەلایەن سپییەکان و دەوڵەتی بێگانەوە هاندەری و پشتیوانی دەکرێت ، لەمبارەشەوە لە _8_ی مارس لینین ووتی :-

"لەپشت ئەو راپەڕینەوە دەتوانرێت بۆتی ئاشناییانەی گاردە سپییەکان ببینرێت بە لە بەرچاو گرتنی نووسینەکانی رِۆژنامەی " لۆمۆتد " و " ئاکۆد و پاریس " ، تەواو ڕوونە کە ئەوە کاری ئیس ئارەکان و گاردە سپییە دەربەدەرەکانە * "

بەڵام ئەو ڕۆژنامانە کە لینین بەهۆی ووتارەکانیەوە ڕاپەڕینی دەریاوانانی بەدەرەوە دەبەستەوە یان ئەوەی کەسپییە ئاوارەکان و ئێس ئارەکان ، ئەو بزووتنەوەیەیان بەرپاکردووە ،

ڕۆژنامەی "لمۆند " لە _13 و 14_ فێبروەری دا ، ئاگدۆ پاریس لە _14_ی فێبروەری -1921- و دوای ئەویش " نیویۆرک تایمز " لە _14-ی مارس لە چەمکی ووتارەکانیان دا ڕایان گەیاندبوو کە دەریاوانان نوێنەری خۆیان بۆ مۆسکۆ رِەوانە کردووە ، یا تابگرە پترۆگرادیان داگیرکردووە ، لە ڕاستیدا ئەوە کارێک بوو لەگەڵ بزووتنەوەی دەریاوانان دا نە دەهاتەوە ، بەڵام بەهۆی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان بە ئاسانی دەتوانین بەدەری بخەین کە هیچ یەک لەو کارانە نەکراون ، نە نوێنەری بۆ مۆسکۆ ڕەوانەکراوە نە پترۆگرادیش داگیر کراوە ، ئەوەش وەک مەتەڵێ وابوو ، کە هیچ کام لە داڕێژەرانی بزووتنەوەی دەریاوانان نەیان دەزانی چی بووە ؟!

گرێدانی هەربزووتنوەیەکی نارِەزایی ، بە دەوڵەتانی بێگانە یان میری ڕابردوو ، سادەترین شێوەی پڕوپاگەندەیە کە دەسەڵاتدارانی هەر کۆمەڵگەیەک سودی لێوەربگرن ، بەڵام ئەگەر ئێمە باوەڕمان وابێت _25_ ملیۆن کرێکار لە پۆڵۆنیا " کە ئەندامی یەکییەتی هاوکاری"ین کاری ئیمپریالیستەکانە یان کاری جاسوسانی ڕۆژئاوایە لە پۆڵۆنیا ، ئەگەر وابێت دەتوانین ئەوەش قبووڵ بکەین کە ڕاپەڕینی کرۆنشتاد کاری بێگانە بووە ، بە قسەی دەریاوانان خۆیان ، ئەگەر ڕاپەڕنی ئێمە لە پاریس دروستکراوە ، کەواتە دەبێت مانگیش لە بەرلین دروست کرابێت ، *

بەڵام ناتوانین نکوڵی لەوەدا بکەین کە ئاوارە سپییەکان ، تەقەلایەکی زۆریاندا بۆ ئەوەی بتوانن

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چەند دەرمان و خۆراک و شتی تر ڕەوانەی کرۆنشتاد بکەن ، بەڵام تەنانەت یەک بەستەی بچوکیش نە گەیشتە کرۆنشتاد ، ئەوان شکستیان خوارد و هیچ جۆرە یارمەتییەکی دەرەوە لەلایەن هیچ گرووپێک ، یا دەوڵەتێک یا ڕێکخراوێک نەگەیشتە دەستی دەریاوانان ، ئەوەش بە شایەتی بەلشەفیکیکان خۆیان *. هەڵبەت گریدانی دەریاوانان بە دەوڵەتی بێگانەوە یان سپییەکان تەنیا کاری لینین و ترۆتسکی نەبوو ، بەڵکو بۆخارینیش لە کۆنگرەی سێهەمی کۆمینترین لە ژوونی -1921- دا ووتی :- ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن سپییەکانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و ، هەروەها ئەو ڕاپەڕینەش کار دانەوەی وورده برجوازییە بەرامبەر سیستمی ئابووری سۆشیالیتی .

سەبارەت بە شانۆگەری تۆمەتیش بە دەریاوانان ، لینین لە گفت و گۆی لەگەڵ پەیامنێری " هارالدتریبیون " ڕای گەیان — کە هەندێ خائین یا دەبەنگ لە کرۆنشتاد باسی ئەنجومەنی دامەزرێنەران دەکەن *

ئەوەش تۆمەتێکی بێ بنچینە و ناڕاستە کە لەلایەن لینینەوە بە ڕاپەڕینی کرۆنشتاد کراوە ، بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەوەش لە بەرواری _13_ی مارس نوێنەری ڤیکتۆرچرنیف سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەران ، هاتە کرۆنشتاد و ڕای گەیان ، لە بەرامبەر بەرگری ئەوان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەران و دیاری چرنیف بۆ کرۆنشتاد ، ئەوان ئامادەن یارمەتییان بەگەیەننێ چ لە ڕووی سوپایی و چ لە خۆراکەوە ، بەڵام کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە * لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە دوای داگیرکردنی کرۆنشتاد لەلایەن هێزەکانی دەوڵت پەیامنێریک ، لە دەستەیەک لەوانەی کە لە کرۆنشتاد مابوونەوە پرسی ، بۆ چی ئێوە داوای ئەنجومەنی دامەزرێنەرانتان نەکرد ؟ ، یەکێک لە وەڵامدا ووتی :- لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەڕێوەبەرایەتی ڕاسی کرێکاران و جووتیاران بێ ، ئەوەش لە ڕێگەی شوراکانەوە مەیسەر دەبێت *

با قسەکانمان کورت بکەینەوە ، ئەو تۆمەتانەی دەوڵەت دەیداتە پاڵ دەریاوانان ، بەهەمان ئەندازەی تۆمەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە بەرامبەر خەباتی شۆڕشگێڕان ، بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی مەسەلەی کرۆنشتاد و پەیوەندی بە سپییەکانەوە بەشێک لەو سەر ووتارەی کە لە بەرواری _4_ی مارس لە ڕۆژنامەی " خۆیان " دا بڵاوکراوەتەوە ، وەکو خۆی دەنووسینەوە " لە هەرشوێنێک ناوی کۆمۆنیست هاتووە ، مەبەستمان دەوڵەتە " :-

بەڕێزانم هاوڕێیانم ..

هاوڕێیان لە پێشوازیتاندا بۆ سەرکەوتنی گەورەو بەبێ خوێنڕێژی بەرامبەر کۆمۆتیستەکان ، لەو هەستانەتاندا تەنیا نین ، دوژمنانی ئێوەش لە گەڵتاندا ئاهەنگ دەگێڕن ، بەڵام هۆی کەیف وخۆشی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئێوە لەگەڵ هی ئەواندا بەتەواوی جیاوازە ،
بزووتنەوەی ئێوە ، سروشتی ئێوە لە هیوایەکەوەیە کە خۆی لە دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕاستی شوراکاندا لە ئارەزووی باش کە داواکاری کاری ئازادن بۆ کرێکاران و کۆنترۆڵ لە سەرزەوی و بەرهەمی جووتیاران ، بەڵام ئەوان " دوژمنان " لە خەیاڵی دامەزراندنی شەللاقی تزاری و ئیمتیازی تایبەتی ژەنەراڵەکاندا ،

ئەوان هاوسەفەری ئێوەنین ، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەکانتان جیاوازن ، ئێوە داواکاری لابردنی دەسەڵاتی کۆمۆتیستەکانن بۆ بنیات نانی داهێنانی کار ، ئەوان داواکاری خستنی " دەسەڵاتداران "ن بۆ دووبارە بە کۆیلەکردنەوەی کرێکاران و جووتیاران ، ئێوە لە تێکۆشاندان بۆ ئازادی و ئەوان بۆ لە زنجیر کێشانی پێی ئێوە تێدەکۆشن ، ورد دڵێ ڕامێنن ڕێگەنەدەن گورگ لە پێستی مەڕدا خۆییان بخزێننە کورسی دەسەڵات !

## ئۆپۆزیسیونی ناوەوەی وڵات

یەکێک لەتاوانە گرنگەکانی دەریاوانان ئەوە بوو کەگوایە پێوەندییان بەئۆپۆزیسیونی ناوەوەی وڵاتەوە هەبوو ، ئەمەش گورەترین گوناە نەبوایە ئەوەهەڵەیەک بوو کەقەد لێی نەدەبوردرێ ، چونکە لەلای توتالیتاری پێوەندی مۆنۆپۆڵوە و شکاندنیش گوناهێکی گەورەیە ، هاندانی جەماوەرو ڕێکخستنی و تابگرە بەرنامەی دەریاوانانیش بە ئۆپۆزیسیون دادەنرا لەبەرئەو چالاکی قەدەغەبوو ، سەیرتر لەوەش ئەوەبو هەموویان خۆیان بەبەرپرسیاردادەنا ، لە باڵی چەپی ئێس ، ئارە کان و ئەنارشیستەکان و باڵی ڕاستی ئێس ، ئارەکان و تابگرە مەنشفیکەکان و ماکسیمالیستەکانیش ، ئەو گروپ و ڕێکخراوە جیاجیانەو هەموو لەهەمووشیان بەرپرسیارن ، خۆی لەخۆیدا مەتەڵێکی حل نەکراوە .

جالەخوارەوە هەوڵدەدەین کەرۆڵی ئەو گروپانە سەبارەت بە پێوەندیان لەگەڵ ڕاپەڕینی شۆڕگێڕانەی کۆنشتاد ئاوەڵاکین و لێبکۆڵینەوە و دروست و نادروستی تۆمەتەکان هەڵسەنگێنین .

## مەنشەفیکەکان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مەنشەفیکەکان ، وەک ڕێبارێکی ئایدۆلۆژی هەوڵیاندەدا لە چوارچێوەی یاسادا چالاکی بنوێنن ، سەرەڕای نارەزاییان دەربارەی سەرکوتکردنی دەریاوانان ، چالاکییەکی بەرچاویان بۆ بەرگریکردن لەخەباتی دەریاوانان نەنواد ،

هەڵبەتە دەبێ بڵێین ، دواى ڕاپەڕینی پۆپەگیری کرۆنشادو سەرکوتکردنەوی لەلایەن دەوڵەتەوە ، ئەوان لەدوو بەیاننامەدا بۆکرێکارانی پترۆگراد داوادەکەن کەبۆ کۆتایی هێنان بەوشەڕە هەوڵدەن*، مەنشەفیکەکان لەهیچ کاتێکدا توانایەکی دیاریان لە کرۆنشتادا نەبووە ، جگە لەچەندکەسێ وەک لایەنگر دوایان کەوتبون کەلەلای جەماوەر ئەوپلەپایەیان نەبوو ، دواى تاوانباربونیان لەلایەن دەوڵەت بەوەی کەئەوان دەریاوانانیان هانداوە ، مارتۆف ، کەیەکێک لەسەرانی مەنشەفیک بوو لەدەرەوەی ڕوسیا بەسەری دەبرد ، لەوتارێکدا کەلەبەرواری _1_ مانگی مای _1921_ نوسی و نکۆڵی لەڕۆڵی مەنشەفیکەکان و ئێس ، ئارەکان لەمەڕ ئەو مەسەلەیەکرد*، هەڵبەتە ، دەبێ جوڵانەوەی مەنشەفیکەکان لەگەڵ ڕێبازی فکریاندا هەڵبسەنگێندرێ .

## ئێس ، ئاڕکان ...... سۆشیالیستە شۆڕگێڕەکان

ئەوگرووپە لەمەنشەفیکەکان زۆر چالاکتربوون ، بەرگریان لە بزووتنەوەی کرۆنشتاد دەکرد ، هەر وەک ولەمەوبەر باسمانکرد ، لەتەواوی بەرگری دەریاوانان لە بڕیارنامەو بەیاننامەکان ، ناردنی نوێنەری ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی هەڵوەشاوە " ەلایەن بەلشەفیکەکانەوە " ئامادەبوون یارمەتی کەرەستەی خۆراک و ....هتد بۆ کرۆنشتاد بنێرن ، هەڵبەتە کۆمیتەی شۆڕگێڕی کاتی ئەو ئالۆگۆڕەی ڕەتکردەوە . بەهەرحاڵ هیچ جۆرە یارمەتیەکیان نەناردو ، هەتا لەڕێکخستنی خەباتیشدا بەشدارنەبوون .

لەبابەت باڵی چەپی ئێس ، ئارەکان ، ئەوڕێکخراوە داواکارییەکانی دەریاوانانی زۆر لەهیواو ئایۆلۆژی خۆی بەنزیک دەدیت ئەو نزیکیەش بەئەندازەیەک دەتوانین لە بەیاننامەی ژوونی _1921_ بەدی بکەین ، بەهەرحاڵ ، دواى ئەوەی دەریاوانان ڕاپەڕین و دەوڵەتیش ئیس ، ئاڕەکانی بە بەرپرس لەقەڵەمدا ، لە بڵاوکراوەی خۆیان بەناوی ( زنامیا ) ئاوادەڵێ :-

لەکرۆنشتاد ، تابگرە یەک نوێنەری بەرپرسی پۆپۆلیستی چەپ نەبووە ، تاو وتوێی بزووتنەوە بەبێ بوونی ئێمە لەوێ پەرەی سەند *.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## ئەنارشیستەکان

ئەوانە ناویان لەکرۆنشتاد نا (( دووەمین کۆمۆنی پاریس )) ، و پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوانیا سەبارەت بەوە ئەنجامدا ، هەر بەبۆنەی ئەوەوە بوو کزۆر لە ئەنارشیستەکان ڕەوانی سیبریاکران هەندێ لە مێژوونوسان ڕێبەرایەتی ڕیپالیستانە دەدەنە ئەنارشیستەکان *، بەڵام بەهەڵسەنگاندنی بۆچونی بیروباوەڕی ئەنارشیستەکان لەڕوویەکەوە و ڕاپەڕینی کرۆنشتاد لەڕوویەکەوە ، دەتوانین بەئاسانی درک بەوە بکەین کەبیروباوەڕی نەک تەنیا نزیک نەبووە بەڵکو لەبچینەدا جیاوازبوون و جیاوازیشیان ئەوەبووە کەدەریاوانان داواکاری دامەزراندنی شورای زەحمەتکێشان لە قاڵبی سیستەمێکی ناوەندیدا بوون و ئەنارشیستەکانیش سەودای دوای میکانیزمێکی دیکەبوون *،

هەڵبەتە ڕاستیەک هەیە کەدەبێ پێی لێبنێین ، ئەویش لەبەر خاتری خەباتی دوور و درێژیان لەکرۆنشتاد خاوەنی خۆشەیستی یەکی بەرفراوان بوون ، و لە فێبریوەری _1917_ ئەوان لەسەرۆکایەتی شورای کرۆنشتاد دابوون ، بۆنموونە لەکۆمیتەی شۆرشگێڕی کاتیدا هیچ نوێنەریان نەبوو *

( ئاماکدمان ) و ( ئەلکاندەر بێرکەن ) دوو کەس لە ئەنارشیستەکان کەلەنامەیاندا بۆ زنوفیف باسمانکردن ، دوابەدوای شێوەی سەرکوتکردنی دەریاوانان و ئەوسیاستەی لەلاین دەوڵەتەوە گیراوەتەبەر ، ڕوسیایان بەجێ هێشت ، بیرکەن بۆ فەرەنساو کلدمان بۆ بەریتانیا کۆچیانکرد لەوێ چالاکییەکانی خۆیان درێژە پێدا ،، کاتێ کلدمان گەیشتە بەریتانیا میوانداریيەکی ئێوارە بۆڕێزلێنانی ئەوسازکرا " برتراندراسل " لەم بارەیەوە دەڵێ :- بۆدەست پێکردنی ووتەکانی زۆر بەکەیف بوو بەڵام کۆتای ووتارەکەی بەرەوڕوی بێدەنگییەکی مەرگ ئاسابوو ، نزیکەی تەواوی ووتارەکەی دژی بەلشەفیکەکان بوو* .

## ماکسیمالیستەکان

لەڕاستیدا ئەو کۆمەڵە باڵێکی دیکەی ئێس ، ئاڕەکان بوو ، لەڕووی تیۆرییەوە لە نێوان باڵی چەپی ئێس ، ئاڕەکان و ئەنارشیستەکان بوو ، ئەو گرووپە لەباری سیاسیەوە بیرو باوەڕیان لەگەڵ ڕێبەرایەتـــی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕاپەڕینی کرۆنشتاد لەگشت ئەوانی تر نزیکتربوو ، ( لامانۆڤ ) سەرنوسەری ڕۆژنامەی کرۆنشتاد ، بە یەکێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە دەژمێردرا ، هەڵبەت ئەو گرووپەش وەک ئەوانی تر لە جۆشدان و ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەی ڕۆڵێکی نەبوو .

****** ****** ****** ****** ******

بەلێکۆڵینەوەیەکی تەواو هەمەلایەنەی بۆچوونەکانی ئەۆپۆزیسیۆنی ناوەوەی ڕووسیا و بەپێی ئەو بەڵگەنامە و شتانەی کە هەن دەتوانرێت بووترێ ، کە هیچ گرووپێک و ڕێکخراوێکی تایبەتی ڕ لەناوەوەی ڕووسیا و ڕ لە دەرەوەی ڕووسیا ڕۆڵێکی لە هاندان و ڕاپەڕاندنی کرۆنشتاد و ڕێکخستنی بزووتنەوەی نەبوو ،،، پۆڵناڤریش لەو بارەیەوە دەڵێت :-

ئەو ڕاپەڕینە نە بەهۆی گرووپ و حزبێکی تایبەتی بوو نە سروشیشی لەولنەوە وەرگرت ، ڕاپەڕیوەکانی کرۆنشتاد کۆمۆنیستانی شورا بوون و ئامانجیان گەڕانەوە بۆ سەردەمی تەمەن کورتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو *،

هەڵبەتە دەشتوانین گەواهی و بەڵگەنامەکان لەبەر چاو نەگرین و پشتگوێیان بخەین ، تا بگرە دوای_18_ ساڵ کەماوەیەکی زۆرە بۆ پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان ، هەروەک ( جۆن راید ) کە دەڵێت ئەو ڕاپەڕینە نوێنەرانی ئیس ئارەکان بەرپایانکرد *

## پایەی چینایەتی دەریاوانان

لەیەکەم سەرنجدان دا ، ڕەنگە هەڵسەنگاندنی ئەو ناونیشانەی سەرەوە بەبێ مانا بێتە بەرچاو ، بەڵام مەسەلەی پایەی چینایەتی دەریاوانان بەڵگەیەک بوو بەدەستی دەوڵت بە تایبەتی ترۆتسکی ، بۆ هێنانە پێشەوەی ڕووداوەکە و سەرکوتکردنی ، ئەو بەڵگەیە شتێکی وا نەبوو ، مەگەر دانانی دەریاوانان لە ساڵی -1917- دا بە مایەی شانازی شۆڕش ، هەر ئەودەریاوانانە لە ساڵی -1921- دا دژی دەوڵەت ڕاپەڕین و کەوتنە شەڕ ، بوون و پایەی چینایەتیشیان بە پێچەوانەی ساڵی -1917-ەوە نەک کرێکاری بەڵکو جووتیاری بوو ، تابگرە ئەگەر پایەی چینایەتی دەریاوانان لە ساڵی -1921- دا جووتیاریش بووو ئایا شایەنی ئەو جۆرە سزایەبوون ؟ . لێگەڕێن با لەخوارەوە ئەو تۆمەت و درۆ ڕووتانە بخەینە ڕوو .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ترۆتسكی له نۆڤەمبەری ساڵی -1937- دا له نامەیەكدا بۆ كوڕەكەی دەڵێت :- كرۆنشتاد بەتاڵبوو * ئەو كرۆنشتاد ی له ساڵی -1921- دا لەبیر بوو له جێگایەكی تر دەڵێت :- دەریاوانانی ساڵی -1917- كه كۆشكی زستانیان داگیركرد خاوەنی ئابڕوی شۆڕشگێڕی بوون ، ئەوان لەساڵی -1921- دا خاوەنی وورەیەكی پیاوانێك بوون پانتۆڵی ناسك و سپییان دەپۆشی و مووەكانیشیان وەكو جاشەكان شانه دەكرد *

بۆ چوونێك لەم شێوەیه له زۆر نووسین و ووتارەكانی ترۆتسكی و تابگره لینینیش بەدی دەكرێن ، بەڵام بالێره بەس بێت .. شتی سەرنكێش لێرەدا ئەوەیه كه لەنێوان سالانی -1917 و 1921- ئەو گۆڕانكاریانەی كه بەسەر كرۆنشتاد داهاتن تا دەریاوانان پایەی چینایەتیان له كرێكارەوه ببێت به جووتیاری ، بۆ كردنەوەی ئەم باسه تابگره بۆ چاوپوچانێكیش بێت با تەواوی بەڵگه و سەلماندنەكان وەلاوه بنێین ، ئەو مەسەلەیه یانی گۆڕینی پایەی چینایەتی بەڕاست دابنێین ! ئەگەر ئەو گۆڕانه پێویستی به پرۆسەیەكی درێژخایەنیش نەبێت ، بەلای كەمەوه ماوەیەكی پێدەوێت ، باشه لەبەرچی له پایزی -1920- و نۆڤەمبەری -1920- بەبۆنەی ڕێزگرتن له شۆڕشی ئۆكتۆبەر ئەوان جێگای شانازیبوون * ، باشه لەبەرچی _4_ مانگ بەر لەڕووداوی كرۆنشتاد هیچ كەسێك له دەولەت و یا بگره ترۆتسكی به خۆشی سەبارەت به خزینی پایەی چینایەتی دەریاوانان باسێكی نەكرد ، كەچی لەپڕ هەموویان دەبنه جوتیار ، هەموو به دژەشۆڕش و ، بەنۆكەری سپییەكان و كۆنه پەرست له قەڵم دەدرێن .

له سێپتێمبەرو ئۆكتۆبەری -1920- (ئایرۆنمیس یاسینسكی ) نوسەر و ووتاربێژی حزبی بەلشەفیك بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی و هۆشیاری سیاسی _400_ دەریاوان كه تازه لەهێزی دەریایی كرۆنشتاد دامەزرابوون حەواڵەی دەستی كرۆنشتادیان دەكات ، ( یاسینسكی ) ئەو كەسانه له باری سیاسی یەوه زۆر به دواكەوتوو دادەنێت ، به شێوەیەك تەنها _10_ كەس لەنێو ئەوانەدا هەبوون كه بتوانن كۆمۆنیزم پێناسه بكەن ، ئەو لەكاتی هەڵسەنگاندنیان و گفت و گۆی لەگەڵ ئەو دەریاوانانه تازانەدا ، ڕای گەیاند كه زۆرچاك دەكەونه ژێر كاریگەری هۆشیاری دیسیپلین و سەر ڕاستی دەریاوانانی كرۆنشتاد ،، یاسینسكی دوای كۆتایی لێكۆڵینەوەی و كاتی بەجێهێشتنی كرۆنشتاد ووتی :- ڕووسیای شورەوی تەواو قەرزاری دەریاوانانی كرۆنشتادە ، به ویژدانی ڕەسەنی شۆڕشگێڕانەیان و به بەڵگه سەلماندنی بوونی خۆیان *

دوای سەفەری ووتار بێژ و نووسەری حزب بۆ كرۆنشتاد ، یەكێك له دەریاوانی پێشوی كرۆنشتاد به ناوی ( ئاسكرۆمنی ) لەلایەن حزبەوه بۆ ووتار دان دەربارەی باری نێو نەتەوەیی یەوه دەنێردرێته كرۆنشتاد ، ئەو دوای ئەنجامدانی ووتارەكەی خۆی ، لەگەڵ لایەنگری بۆ ڕای یاسینسكی ، كەوتــــه

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پیا هەڵدان و ڕێزلێنانی دەریاوانان و ووتی :- ئەوانە زۆر ئارەزوو مەندی مەسەلەکانی سیاسی ، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە هەمان کاتدا بە گشتی لەبارەی هۆشیاری سیاسی و ڕێکوپێکی ئەوان قسەی کرد * لەو دوو ، ووتنەی سەرەوەدا دەردەکەویت کە چۆن تاپێش ڕووداوەکانی مارس ، نەک تەنها باسێک لەمەڕ کۆنە پەرستی و دژە شۆڕشی ئەوان لەئارادا نەبووە ، بەڵکو لە هەرشوێنێک کە جێی باسبوایە ئەوان تەنها پیاهەڵدان و شانازییان پێڕەوا بینراوە .

بەهەرحاڵ لەم بەشەدا بەهۆی هەنێ ئامار و ژمارە ڕوون دەکەینەوە کە هیچ گۆڕانکارییەک لە - 1917 وە تا 1921- بەسەر پایەی چینایەتی دەریاوانان‌دا نەهاتووە و هەمیشە ناویان بە مایەی شانازیش شۆڕش هێنراوە و دژی تزار و دەوڵەتی کاتی ڕاپەڕیون و کۆشکی زستانیان داگیر کردووە ، هەر ئەو کەسانەش بوو دژی زۆرداری بەلشەفیکەکان قەڵای خەباتیان بەرزکردەوە .

لە ساڵی -1921- دا لە _2028_ دەریاوانی کە لەهێزی دەریای جێگیری کرۆنشتاد خزمەتیان دەکرد و بەرواری دامەزراندنشیان هەیە 93,9 % ئەو دەریاوانانە پێش -1917- بووبوونە ئەندامی هێزی دەریای ، لەناو ئەو کەسانەشدا نزیکەی _1195_ کەس لە نێوان ساڵەکانی -1914 تا 1916- پەیوەندییان بە هێزی دەریای یەوە کردبوو ، تەنها _137_ دەریاوان لەنێوان ساڵەکانی - 1918 تا 1921- و _3_ کەس لە ساڵی -1921- دا بووبوونە ئەندامی هێزی دەریایی ، هەروەها لەبارەی تەواوی هێزی دەریایی بەلتیکەوە کە هەردوو ستونی دەریایی کرۆنشتادیش دەگرێتەوە ، لەنێوان تەواوی ئەو کەسانەی کە لە بەرواری _1_ ژانیوەری -1921- دا لە خزمەتدابوون ، نزیکەی 75,5 % بوو ، پێش ساڵی -1918- پەیوەندیان بەهێزی دەریای یەوە هەبوو ،* لەڕاستیدا لەماوەی شەڕی ناوخۆدا هێزی دەریایی ، بەتایبەتی ستونەکانی جێگیری کرۆنشتاد ڕۆڵێکی گەورەیان لە خەباتی ڕاستەوخۆ و ڕاوەستانەوە بەڕووی ژەنەراڵەکانی تزاردا بینی ، وەرگرتنی ئەندام بە شێوەیەکی بەرفراوان نەبوو ، لەبەرئەوەی پەروەردەکردنی دەریاوانان و کادیری چالاک لەو کاتەدا لەتوانادا نەبووە .

ژمارەی ، گەواهی ووتە و کردارەکانی دەوڵەت خۆی تاڕادەیەک ڕوونەو پێویستی بە باس و سەلماندنی پایەی چینایەتی دەریاوانان لەساڵی -1917- تا ساڵی -1921- ناکات .

## حزب و دەریاوانان

بەدرێژایی باس و خواسەکانی پێشتر ، لەمەڕ متمانە ، بابەتەکانی باس و بۆچوون و کـــردەوەکـــانـــی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەرۆکایەتی حزب ، بەتایبەتی لینین و ترۆتسکیمان کۆڵیەوە ، لەم بەشەش دا لە گۆشەیەکی ترەوە هەڵی دەسەنگێنین ، بەرەچاوکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری و سەنترالیستە دیموکراتەکان و پەیوەندییان بە کرۆنشتادەوە .

## لـــــینـــین

یەکەمین بەیاننامەی لینین سەبارەت بە ڕاپەڕینی کرۆنشتاد دەگەڕێتەوە بۆ _2_ ی مارس ، کە داواکارییەکانی دەریاوانانی 100% بە ئیس ئارەکان لە قەڵەم داو ، کازۆلۆڤسکی لە کارەکەی وەلانا ، لە بەروارەوە تا _8_ ی مارس ئیمزای ئەو لەسەر هیچ بەیاننامە و بڵاوکراوەیەکی دەوڵەتی نەبوو ، هەروەها بەرمەیدان بۆ ڕای گشتی ، دژی مەلەوانان باسێکی نەکرد ، بە درێژایی ئەو ڕۆژە چەند ڕووداوێک قەومان کە ناکۆکی نێوان دەوڵەت و کرۆنشتادی تونترکرد ، بەڵام لەبەرئەوەی لەو کاتەدا لە خەباتی پڕوپاگەندە دژی دەریاوانان هاوبەشییەکی نەبوو دەریاوانانیش هەڵوێستێکی دژ بەویان وەرنەگرت ، خەیاڵیشیان هەروابوو ،

بۆنموونە ، کاتێک کارگێڕی و خانووەکانی دەوڵەتیان داگیرکرد وێنەی تەواوی سەرانی حزبان لە دیوار هێنایە خوارەوە ، بێجگە لە هی لینین ، بەڵام خەیاڵی دەریاوانان سەرئەنجام دوای ووتاری لینین لە _8_ ی مارس تەواو سەرەو نخوون بوو وەوە ، هەردوای ئەوە لە ڕۆژنامەی خۆیان دەریاوانان ڕایان گەیاند :- ئێمە چاوەڕوانی هاوبیربوونی لینین لەگەڵ ترۆتسکی و زینۆڤیف نەبووین *

هەنێک لە مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کەلەبەرئەوەی لینین ، بۆیە جێی سۆزی دەریاوانان بوو ، بەڵام بە کلکایەتی ناوبردنی دەریاوانان بوو بەهۆی نەفرەت لێکردنی و ئەو بۆ چونەی سەرەوە ڕەت دەکاتەوە ، هەڵبەتە هەستی دژی جوولەکە لەو کاتەی ڕووسیا ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت .

دوای یەک هەفتە لە ووتاری خۆیدا بۆ کۆنگرەی دەهەم لە بەرواری _15_ مارس ، لینین شتێکی خستە ڕوو لەڕاستیدا ئەوەنەک تەنها لەگەڵ ووتار و بەیاننامە و قسەکەی خۆی ناکۆک بوو ، بەڵکو دژی تەواوی دام و دەزگای پڕوپاگەندەی دەوڵەت بوو کە ووتی :- لە کرۆنشتاد ، ئەوانە نە خوازیاری دەسەڵاتی سپییەکان بوون و نە داواکاری دەسەڵاتی ئێمەشن *

ڕووداوی کرۆنشتاد ڕاستی لە هەر شتێکی تر زیاتر بۆ لینین ڕوون کردەوە .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# ترۆتسكی

" جەستەی میری زۆردار " ، " تائەژنۆ لە خوێنی كرێكاراندا نقووم بوو " ئەوە لەونازناوانە بوون كە لەلایەن بزووتنەوەی كرۆنشتادەوە درابوونە ترۆتسكی *

ترۆتسكی بەو پێیەی كە كۆمیساری شەڕ و سەرۆكی گشتی شوراكانی شۆڕشگێڕی شەڕ بوو ، بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی سەركوتكردنی ڕاپەڕینی كرۆنشتاد بوو ، بەیاننامەی _5_ ی مارس ئەوی زیاتر ڕاكێشی مەیدان كردوو كردیە خۆراك و هێرشی بنچینەیی بزووتنەوەی كرۆنشتاد ، سەرەڕای ئەوەش ترۆتسكی لەكاتی سەركوتكردنی بزووتنەوەی كرۆنشتاد ڕۆڵی بنچینەیی لەڕووی فەرماندەیی سوپا و هێرشی پڕ و پاگەندەی كەوتبووە ئەستۆ ، كە لە دوایی دا گفتاری ڕۆتینێك بوو بوو كە خۆی ڕۆڵی بنچینەیی لە دروست كردنیا هەبوو ، دەستی لە داپۆشینی ڕووی ڕاستی بزووتنەوەی كرۆنشتاد هەڵنەدەگرت ، بۆ نموونە لە ووتارێكدا بە ناوی ( هات و هاوار و گریە بۆ كرۆنشتاد ) دەڵێ :-

ڕاپەڕینی كرۆنشتاد ، بێجگە لە كاردانەوەی چەكدارانەی وردە برجوازی دژی تەقەڵای سەختی شۆڕشی كۆمەڵایەتی و سەختی دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا شتێكی تر نییە *

سەبارەت بەڕۆڵی خۆشی لە سەركوتكردنی دەریاوانان لە ووتارێكی تر دا دەڵێ :- من وەك كەسێك بچووكترین ڕۆڵم نە لەكارو باری سەركوتكردنی ڕاپەڕیوەكانی كرۆنشتاد و نە لە خامۆشكردنەوەی دوای سەركوتیشدا هەبووە *

لەمەو بەر سەبارەت بە " ووردی بۆ چوونەكانی " ترۆتسكی دووایین كە ئەو داواكارییەكانی دەریاوانانی لەسەربنچینەی دابەشكردن و دانی ئیمتیازی تایبەتی لێكدەدایەوە ، تۆ بڵێی دوای _17_ساڵ لە بیری چووبێت كە شوێنی ئەو لە دەزگای دەوڵەتدا چی بووە یان چاو بۆشی لەو بیرو بۆچونە دەكرێت ، دوایین شت كە ترۆتسكی دەربارەی كرۆنشتاد دەیڵێت ڕستەیەكی پڕمانایە ، هەرچەندە كورتە ، كە دەڵێت :- ئەوەی كە بەلشەفیكەكان لە كرۆنشتاد كردیان یەك كاری تراژیدی بوو *

## ئافەرین خەیاڵی بەتاڵ !! ...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری و سەنترالیستە دیموکراتەکان

ئەو دوو گرووپە وەکو فراکسیۆن لە دەروونی حزبدا چالاکیان دەنواند لەگەڵ ئەوەشدا کەهەنێ لە داواکاریەکانیان هەروەکو داواکاریەکانی کرۆنشتاد بوو ، کەچی نەک تەنها بەرگریان لە خەباتی خەڵکی کرۆنشتاد نەکرد ، بەڵکو لە سەرکوتکردنەوەشیاندا هابەشیانکرد ، ئەوانە لەبەرچی بەرگریان لێنەکردن ، دەبێ لەدوو ڕووە وە وە سەیربکرێ : یەکەم - ئەوانە بەرگری دەریاوانانیان لە مافی جووتیاران ، کە بەتەواوی لەگەڵ بۆ چوونی ئەو دوو گرووپە سەبارەت بە مەسەلەی کشتوکاڵ و جووتیاران ناکۆک بوو ، ئەویتر واتە دووهەم — لەبەرئەوەی خۆیان بەوپێ یەی لە ناوحزبدا فراکسیۆن بوون و لەژێر فشاری ئەودابوون ، ئامادەنەبوون کە بەڵگەی نوێ بدەن بۆ هەڵوەشاندنەوەیان ، ئەگەرچی دوای سەرکوتکردنەوەی کرۆنشتاد ، لەهەمان کۆنگرە ڕای لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەوانیش درا ، هەڵبەتە هۆی یەکەم ڕۆڵی زیاتر و سەرەکی لە بڕیاریاندا بینی .

کاتێ هەواڵی دەرگیری نێوان دەوڵەت و دەریاوانان گەیشتە کۆنگرە ، نزیکەی _279_ نوێنەر * کۆنگرەیان بەجێ هێشت و خۆیان گەیاندە بنکەی شەڕ ، لەنێو ئەوانەدا ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئەو دوو گرووپەش هەبوون .*

(لوتونیف ) کە لەسەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری بوو لە _27_ ی مارس ی -1921- کاتێ گەیشتە بەرلین ڕایگەیاند ، کە ئەو هەواڵانەی لە میدیای دەرەوە ، دەربارەی ڕووداوی کرۆنشتاد بەچاپ گەیبوون زێدە ڕۆییە ، دەوڵەتی شووراکان بە ئەندازەیەکی تەواو دەسەڵاتدارە کە لەمەسەلەی ڕاپەڕیوەکان بکۆڵێتەوە ، ئەو هەنگاوانە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ پارێزگای ئاسایشی خەڵکی شارە بۆ ئەوەی بەر لە فریوخواردنیان بگیری .

پێش کۆتایی هێنان بەم بەشە سەرنجێکی زۆر کورت لەمەسەلەی بەندەکانی حزب لە کرۆنشتاد دەدەین .

هاوکات لەگەڵ فراوان بوونی بزووتنەوەی کرۆنشتاد و گرتنەدەستی دەسەڵات ، نزیکەی _300_کەس لە کاربەدەستان و ئەندامانی حزب دەستگیر کرابوون و ناردرابوونە بەندینخانە ، ئەوانە یا لەکاتی ڕاکردندا گیرابوون یا بەهۆی جۆربەجۆری ترسناکەوە تاوانبار کرابوون ، ئەو ژمارەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەو بەندانەدا زۆرباش بوو ، هەتا لەکاتێکدا ( کۆمیتەی بەرگـــری پترۆگراد )

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خێزانی دەریاوانانی بەکۆمەڵ دەگرت ، ڕەفتاری ئەوان لەگەڵ بەندەکانی حزبدا هیچ نەگۆڕدرا . *

کاتێک کازمین لەلایەن دەریاوانانەوە بەدیل گیرا ، دامودەزگای دەوڵەتی ، دەستی بە پڕوپاگەندە کرد ، کەگوایە ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ کردووە و خەریکبووە لە سێدارەی بدەن ، ڤیکتۆر سیرز لە یاداشتەکانیدا دەینووسی :- کاتێ کە کازمین ئازاد بووە من چوومەلای و دەربارەی ئەو پڕوپاگەندانە پرسیارم لێکرد ئەو ، ئەو پڕوپاگەندانەی بەتەواوی ڕەت کردەوە ، بە زێدە ڕۆیی دانا * .

بەڵام مەسەلەی گرتنی بەکۆمەڵ تەنها خێزانی دەریاوانان کۆتایی نەهات ، بەڵکو یەخەی خێزانی ئەفسەرەکانی پێشووی تزاریش کە لە کرۆنشتاد دەژیان گرتەوە ، هەڵبەتە ئەو تاکتیکە یەکەمین جار لەلایەن ترۆتسکی بەکارهێنرا ، کاتێ کە ژەنەڕاڵەکان و ئەفسەرانی پێشوی سوپای تزاری بەهەراوە هێنایە ناو سوپای سور ، بۆ ئەوەی ڕێگا لە خراپەکاریان بگیرێ ، تەواوی ئەوکاتە خێزانەکانیان وەکو بارمتە لەبەردەستی دەوڵت بوون *

## سەرئەنجام

پرواز بەخاطر نسیار

پرندە مردنی است *

فروغ فرخ زاد

وای لێهات کە ئەستێرەی کشاوی ئاسمانی بەرگری وەژێر خاک دراو بەدەنگبڕینیشی کەمەریان بەست ، ڕەنگە مەسەلەی بزووتنەوەکە بەخۆی نەبوو ، مەسەلەکە ئاوەڵابوونی ڕاستیەک بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو لەپشت ووشە و ڕستەی ئاگرین شاردرابووە وە ، کرۆنشتاد هۆی ئاشکرابوونی ئەو بیروباوەڕە داپۆشراوەبوو ،

بزووتنەوەکەی لینینیشی لەگەڵدابێ ( بێ دوودڵی لە دینکین ، یودنیچ و کولچاک هەموویان پێکەوە ترسناکتر بوو ) * ، بە یەکجار جڵەوی شۆڕی نەکرد ، خۆی فاکتەرێک بوو کە لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە ڕێبەری بزووتنەوەی کرێکاری دەزانی خوڵقابوو .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەو بزووتنەوەیە تابگرە مۆنۆپۆلی فکری ئاشکرا کرد ، بەلاش نەبوو کە لینین لە ماى -1921-دا ووتی :- جێگەی سۆشیالیستەکانی ناحەز یا بەندیخانەیە یا دەربەدەری لە تەک گاردە سپییەکان . *

بوخارینیش دەڵێت :- بێهودەیە کەدەڵێن لە ڕووسیا حزبی جیا جیا ناتوانێ هەبێ ، بەڵێ دەتوانێ هەبێ بەمەرجێک کە یەکی ، یانی حزبی کۆمۆنیست لە کریملن و ئەوانی تر لە بەندیخانە بەسەربەرن *

کەسانێک تابگرە تواناى گوێگرتنیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ناو دەروونی حزب نییە و دەڵێن :- کاتی ئەوە هاتووە کەکۆتایی بە هەموو ناکۆکییەکان بهێنرێت ، ئێمە تاڕادەتەواو ئۆپۆزیسیۆنمان هەبوو *

ئیتر بێجگە لە بەبەندکێشان و دەربەدەرکردنی ئۆپۆزیسیۆنان بەوڵاوە چی تریان لێ چاوەڕوان نەدەتوانرا بکرێ ، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژێکە ، بەهۆی پشتیوانی هەمان ڕابردوو ، کەسانی زۆر هەن کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەئەوتاکە ڕێگایە دادەنێن بۆ لەناوبردنی بۆرژوازی و داڕشتنی سیستەمێکی بێ چین بەسەرکوت و کوشتار ، خنکاندنی نارەزای ، سانسور ، نەهێشتنی ئازادی و ڕادەربڕین ، بۆچوون و چاپەمەنی کۆنترۆڵی میدیا بە دەستی دەوڵت ، تاکەحزب ، دیسپلین لە سیستەمدا کۆنترۆڵی دەوڵت و ... هتد . ئەوەی کە دەمێنێتەوە هاتنی ئەو ڕژێمانەیە لەژێر ناوی ( دیکتاتوری پرۆلیتاریا ) ، بەڵام تەنیا بگاتە دەسەڵات و تالیتاریا . ئایا باکۆنین ڕاستی نەدەگووت کە سۆشیالیزم بە بێ ئازادی کەسی و ئیرادەی چینەکانی خوارەوە ناتوانێ بێجگە لە زۆرداری بەشێوەیەکی تر هیچی کەبێ .

بەڵام دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خەستبوونەوەی کۆماری شوراکانە لە ڕەگەزێکی تر ، کە ئەویش مێژووی مرۆڤایەتییە ، کە مرۆڤ دەست لە مەزنی گەشانەوە دەدات ،

بەڵێ تێکۆشەرانی کرۆنشتاد ( قوربانیانی بێ گوناهی شۆڕشگێڕ ) بوون کە بەرەو ڕێگەی بەرینی بەشێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەڕۆیـــــــــــــــــــــــی . *

1984-5-7

{ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری "زمان نو " ژمارە 5 بە زمانی فارسی بڵاوبۆتەوە}

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# سەرچاوەکان

1- Shub, David; Lenin, Doubleday 1948, P. 405.
2- Avrich , Paul ; Kronstadt 1921 , Princton university p …. 1970 , P.9.
3- Kristman , Geroicheskii , Periodveliki russkoi revolt stsii , P.135 .
4- Avrich , P . 10 .
5- Pukhov , A.S; Kronstadtskii maitezh 1921 , 8 . Leningr…. 1931, P . 8 .
6- Avrich , P . 16 .
7- Thorndycraft , Lynne ; The kronstadt uprising of 19…. Left bank books , Pamphlet n 1 , P.4.
8- Singleton , seth ; the Tambov revolt ( 1920-21 ) ; sla….. Review , xxv , sept 1966, P-P-497-512.
9- Osinskii , N ; Gosudarstrennoe reguli rovanie krest…… Skogo Shoziaistva ; Moscow 1920 , PP-8-9 .
10- Avrich , P. 20 .
11- Mc cauley , §artin ; the Russian revolution and Soviet State 1917-21 , P-P . 16-18 .
12- Lost ….
13- Prokopovitch , S.N ; the economic condition of Soviet .
14- Avrich , P.22.
15- Ibid , P.22.
16- Pukhov , P.23.
17- Avrich , P.24 .
18- Slepkov , A; Kronstad Tskii maitezh , Moscow 1928 , P .
19- Pukhov , P.23.
20- Berkman , Alexander ; the kronstadt kebellin , Berkman 1922 , P.10.
21- Avrich , P.29.
22- Ibid , P.29.
23- Bunyam , James ; the origion of Forced Labour in Soviet State , 1917-21 . Document and material . Baltimore .
24- Lost ….
25- Avrich , P.28.
26- Ibid , P.26.
27- Pravda , January 22 , 1921 .
28- Avrich , P.35 .
29- Ibid , PP 35-36 .
30- New York times , March 6 , 1921 .
31- Avrich , P.36.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

32- Balbanoff . Angelica ; my life as a Real . New York 1938 . P.261 .
33- Pukhov , P.14 .
34- Pravda , February 12 , 1921 .
35- METT , ida ; the kronstadt uprising . solidarity pamphlet 27 , london 1967 , P.36 .
36- Avrich , P.38 .
37- Pollack , Emanuel ; the kronstadt Rebellio , Philosophy . Cal. Library , 1951 , P.10.
38- Avrich , P.39.
39- Pravda , February 25 , 1921 .
40- Avrich , P.40.
41- Berkman , P.7.
42- Avrich , P.42.
43- Schapiro , Leonard ; the origin of Communist Autocracy 17-22 , London , 1955 , P.205.
Serge , Victor ; Memories of a revolutionary 1901- …. Lost
44-….1 . London 1963 , P.130 .
45-Avrich , P.47 .
46-ibid ,P-P 48-50 .
47-Pukhov . P.48 .
48-Avrich , P.56.
49-browder , R.P.S Kerensky A.F ; the Russian Provisional Government , 1917 , Stanford 1961 , vo13 , P-P 1296-99.
50-Avrich , P.58.
51-ibid , P . 60 .
52-Sukhanov , N.N ; the Russian Revolution , 1917,N.Y 1955 , P. 444-46 .
53-Browder & Kerensky . P-P . 1581 – 82 .
54- Avrich , P . 60 .
55- Avrich , Paul ; the Russian anarchists , Princeton .u. ren 1967 P.156 .
56-Avrich , P.62 .
57-ibid , P-P . 63 – 64 .
58-Erichson , John ; the soviet High Command , London , P-P.25-52.
59-Avrich , P. 69 .
60- Mett , ida ; la Commune de cronstadt ; crepuscule anglant des soviet , Paris . 1949 . P . 26 .
61-Avrich , P.72 .
62-GETZLER . Israel ; Kroonstad 19... , the fate of soviet . Cambridge . u . pren . 1983, P-P , 212-13 .
63-Tnorndycarft , Lynne , P.P 9-11 .
62- Berkman . Alexander ; the Bolshevik myth . N.Y . 1925 . P.
63-rge , victor .p.127 .
64-GETZLER. Israel .P.215 .
65- GETZLER , Israel P.P 215-16 .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

66-Katkov , George ; the Kroonstad rising ; st . Antonv’s pioneering study , London . 1959 .P.28 .
67-GETZLER .P.35 .
68-……. P.215.berkman ….. lost
69- Lost
70-Lost
71-Pukhov , P.35.
71-Arvich , P.87 .
73- GETZLER , P . 3 .
74-ibid , P . 220 .
75-ibid , P . 221 .
76- Lenin & Trotsky ; Kroonstad , Monad Pren , N.Y. 1979.P.67.
77- Deutscher , issac ; the prophet armed ; Trotsky 1979-1921 Oxford . u . Pren P. 512 .
78-Avrich , P. 146 .
79-ibid, P . 145 .
80- Goldman , Emma ; living my life , N.Y 1934.P.P. 882-83 berkman , Alexander , Bolshevik myth , P.P.301-302 .
81-Arvich P.148
82-ibid, P . 149 .
83- O’Bllance , Edgar ; the red army , Faber & Faber , London 1964,P.149 .
84-Avrich , p . 150-52
85- Thorndycrft , P.16 .
86- Berkman , Bolshevik myth , P.303 .
87- Thotndtcraft , P.17 .
88- Lenin & Trotsky , Kroonstad , P . 44 .
89- Lost
90-ibid , P.154 .
91-Pozdnyakov , v ; the Chemical Arm the ked Army . 1956,P.P.384-85 .
92-Avrich , P.196 .
93-Mett. Ida , Paris , P.P.77-78 .
94-Berkman , Kroonstad Rebellion ,P.36.
95-NewYork Times , March18.1921.
96-Avrich , P.P.202-4.
97-Avrich , P.210 .
98-ibid, p. 211 .
99-London Times , March 31.1921 .
100-Avrich . P.216 .
101-Berkman , the Bolshevik myth , P.303.
102-Avrich , P.P.214-45.
103-Mett.ida London . P . 40 .
104-Mett.ida. London , P. 39 .
105- Berkman , the Kroonstad . Rebellion ,P.65.
106-Avrich , P . 137 .
107-ibid,P.138 .
108-ibid, P. P . 166-67 .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

109- ibid , P . 104 .
110- Pravda , March . 2. 1921 .
111-GETZLER , P. 219 .
112-Avrich , P . 96 .
113- ibid, P . 98 .
114-Degras , Jane(ed0 ; the communist international 43, 3 vols ; London , 1956 VOLI , P.P. 213-15 .
115- Bukharin , N; the new Polices of soviet Russian .cago , 1921, P .56 .
116-NewYork Herald Tribune . March ,15,1921 .
117-GETZLER , P . 237 .
118- Avrich , P . 163 .
119 – Lost
120- Mett , ida , London , P . 62 .
121-ibid,P . 63 .
122-ibid, P . 66 .
123- Deutscher, P . 510 .
124-Thorndycraft, P.P. 13-14
125-Avrich , Paul ; the Russian anarchists, Princeton . u . pren . 1967 .
126-Bantam , N.Y. ; the Autobiography of Berta 1914-44. 1969 , p . 168 .
127-Thorndycraft . P . 12 . Avrich , P . 170 .
128 – Wright , john , G ; “ the truth about Kroonstad”
129- Lenin & Trotsky ; Kroonstad , P . 81 .
130 Thorndycraft , Lynne , P.7.
131- oldman , Emma ; Trotsky Protests too muc… 1938 , P . 37 .
132-GETZLER , P.P 205 . 6 .
133-ibid , P . 207 .
134-ibid , p, 208
135-Avrich , P , 179 .
136-GETZLER ; p . 220 .
138 -Avrich , p. p . 175-6 .
139- Trotsky ; Leon ; Hue and Cry over Kroonstad international , April , 1938 .
140-Lenin & Trotsky , Kroonstad , P.P. 95-6.
141-ibid, P, 98 .
142-GETZLER , P . 243 .
143-Lost
144-Avrich , P . P . 186-7.
145-Serge. Victor , P. P 126-27
146-Arvich , P . 146 .
147- Lost
148- Arvich , P . 226 .
149-Lost
150-Slapiro, Leonard , P . 316 .
151-Avrich , p . 190 .
152-Seinberg , I.N ; in the work shop of the N.Y . P . 300 .

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نوسینی : فەرید نوری

وەرگێڕانی لەفارسیەوە : سەڵاح ڕێبوار

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)